# هاوار

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئەحلام مەنسوور

# هاوار

ئەزموون

پێشکێشە بە:

د. کوردستان موکریانی

د. کەمال مەزهەر

ناوی کتێب: هاوار – ئەزموون
نووسینی: ئەحلام مەنسوور
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٤٣
هەڵەگری: بۆکان نووری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

لە سکرتێری ڕۆژنامەکەم پرسی:

- کەی نووسینەکەم بۆ بڵاو دەکەیتەوە؟

- دوو هەفتەی تر.

دڵم خۆش بوو، نەمزانی بۆ ڕاهاتووم تەنیا بەرهەمەکانی خۆم بخوێنمەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لە فۆتۆ دەردەچن. هەمیشە لەسەر ئیقاعی دڵم سەمایەکیان بۆ دەکەم و هاوارەکانی پێش نووسینەوەیانم بیر دەچنەوە. پێش نووسینیان یان کۆستم دەکەوێ، یان دەگریم و پێ دەکەنم، مووە سپییەکانی سەرم لە خوێن دەگرم، ناوێرم سەیری ئاوێنەکەم بکەم، ماڵەکەم سوریالیتر دەبێ، ڕەشبینییەکی قووڵ دەبێتە چاڵ و خۆمی تێدا زیندەبەچاڵ دەکەم، دەبێتە گۆڕێکی کاتی، نیگەرانییش دەبێتە کفنم و لاپەڕەکانی بەردەستیشم دەبنە بەردی ئەلحەد، لە دوای خەونێکی قەترانی

دەگەڕێم و خوێنی ڕەش هەڵدەهێنم، خوێنەکەم دەبێتە دەریا، دەخنکێم، تیمساحەکان قووتم دەدەن و لە کەناری دەریایەکەدا بەڕووتوقووتی دادەنیشم و یەکە یەکە پەراسووەکانم دەژمێرم، لەگەڵ نووسینی هەر دێڕێک لەسەر لمی خەونە وەنەوشەییەکانم پەراسوویەکم زیاد دەبێ، بۆیە ژمارەی پەراسوەکانم لە پەراسووەکانی ئێوە زیاترە.

جاری وا هەیە پەراسووەکانی لای راستم لە پەراسووەکانی لای چەپم زیاتر دەبن، ئیدی هەلهەلە خەفەکراوەکانی ناو دڵم هەراسانم دەکەن، زمانە درێژەکەم دەبێتە هەزار بەش و چاوەکانم لێڵ دەبن، لێوەکانم یەکە یەکە شوێنی خۆیان بەجێ دەهێڵن و لەسەر لەپی دەستی چەپم زیکرم بۆ دەکەن، دەستم دەبێتە گۆڕەپان، تا دێ لەپی دەستم فراوانتر دەبێ، بەربەرەکانی لەگەڵ ئاسماندا دەکات، ئەستێرەکان وردە وردە دەکەونە سەر شانە قورسەکانم و مانگیش دەبێتە خواوەندێکی کاتی، لێی دەپاڕێمەوە، نەخێر ئەو لە من دەپاڕێتەوە، ئەو دەزانێ کە منداڵدانم نییە، یەکە یەکە ئەستێرەکانم بۆ دەکاتە بەرد و دەیانئاخنێتە ناو دەمە ئەشکەوت ئاساکەمەوە، پەرداخەکانی سەر مێزەکەم پڕ دەبن لە فرمێسک، ناوێرم وەکو مەی بیانخۆمەوە، بەیەک پێک سەوڵ و قیبلەنوماو خوێنی پێنووسەکەم دەنۆشن.

دەمێنم خۆم و هەنگاوێک، نە پێش دەکەوێ و نە دوا، ڕوو لە راست و چەپی خۆی ناکات، پەنجەی پێیەکانم درێژ دەبن، قاچەکانم لە شوێنی خۆیاندا دەئاوسێن، دەیناسورەکان ڕاوی هەنگاوەکانم دەکەن، کەچی هەر لەسەر هەڵوێستی خۆیدا سەقامگیرە، وشەیەکم دەبێتە ئاسک و لە بیابانی ڕۆحمدا ڕاوی ئەزموونەکانم دەکات.

لاشەم بەبێ ناز لە سووچێکدا دەکەوێ و خەونیش تاقە تۆڕێکە کە ژیانم کۆ دەکاتەوە، لە تاقە هەنگاوەکەم دوور دەکەومەوە، هەست دەکەم گیای سەوز و نێرگز و کانییەک لە ژێریدا دەتەقنەوە، چەنگەڵی درک گەمارۆم دەدا، پێستم کون کون دەبێ و خوێن ڕووی زەوی داگیر دەکات، هەناسەکانم سواری قاڵدرمەکانی شانەکانم دەبن و بنمیچی یادەکانم دەبێتە ئاوێنە، قەوارەم دەگۆڕێ و هەر چاوترووکاندنێک خۆم لە شێوەیەکا دەبینمەوە، ڕووبەری ناخم دەبێتە بیابان، هەر دەگەڕێم و تراوێلکەکان هەڵمدەخەڵەتێنن، تۆ بڵێی مارگریت دۆرا بتوانێ رۆمانێ لەسەر ئەم حاڵەتانەی من بنوسێ؟ ئەو لە مانای زیکرکردنی وشە سەر دەرناکات، لەوانەشە ئەلالویای بیر چووبێتەوە، وەکو بزانن، هەنگاوەکەم لە شوێنی خۆیدایە و وا خەریکە دەبێتە ماچ، بەنائومێدییەوە چاوەڕێی مەسیحی گوناهێکم دەکات، بڕوانن، خاچێک چەقیوەتە ناو جەنگەڵێکی تاوانەوە، کێ دڕکەکان درەو دەکات؟ بێدەنگی حاڵەتەکەمی داپۆشیوە، بڵێسەی ئاگری چاوەکانم ڕوو دەکەنە ئاسمان.

دەمێنم تەنیا هاوارێک و هەنگاوێک، بەیەکەوە یاری شەترەنج دەکەن و دڵم دەیدۆڕێنێ، چاوەکانتان بنووقێنن، با حیکایەتی نووسینەکەتان بۆ بکەم. ئەمجارەیان کە نووسینەکەم لە فۆتۆ دەرچوو، سەمام نەکرد و بەڵکو بەپێچەوانەوە شڵەژام و خێرا تەلەفۆنم بۆ دەروونناسەکەم کرد، بەداخەوە لەوێ نەبوو، دەرمانەکانم تەواو بوون، پارەم نەبوو لە دەرمانخانەکان بیانکڕمەوە، رۆمانی "من و دەرمانەکانم" کۆتایی بۆ نییە، هەر دەبێ پاش مەرگ و پێش مەرگ بەکاریان بهێنم، ئەگەر دەرمانم نەبێ لە نووسینەکەمدا ئارام ناگرم، شەوم لێ دەبێتە مۆتەکە

و رۆژم لێ دەبێتە دۆزەخ، گلاراو دەکەم و دەبمە چەقی گۆی زەمین و هەموو دیاردەکانی سروشت بەسەر شانەکانمەوە هەڵدەگرم و خەونەکانم لێ دەبنە راستی و ڕاستیشم لێ دەبێتە خەون.

دەورووژێم، کانییەکانی فرمێسکەکانم دەتەقنەوە و هەڵدەچم، هەڵدەشاخێم، راست و چەپ لە ناو تای تەرازووی ویژدانمدا زاوزێ دەکەن، ویژدانم دەبێتە دەریای ڕەش، ماسیی هیچ ئومێدێک تێیدا هێلکە ناکات، گلێنەی چاوەکانم دەبنە میزڵدان و باڵ دەگرن، ئاسمان بەرد دەبارێنێ و ئەستێرەکان ڕیقنە دەبارێنن، کۆترەکانی وشەش یەکدی دەخۆن و ناگمێن، و..

کاتژمێر حەوتی شەو لە ئیشەکەم بوومەوە، قاڵدرمەکانم بڕی و خێرا بەرەو وێستگای پاسەکان ملم نا. بەدەم ڕێگەوە بیرم لە پێشەکی نووسینی ئایندەم دەکردەوە، تۆ بڵێی ئایندە چاوەڕێی پێنووسێکی بێ شەرم و وشەیەکی بێ دەرپێ و ناو ناوگەڵە برسییەکەی من بکات؟ دیسانەوە شڵەژامەوە، پاسەکە زوو هات و سواری بووم و لە بەردەم دەرمانخانەکەدا دابەزیم، ڕووم لە لەیلاخان کرد و بەدەم پێکەنینەوە پێشوازی لێ کردم وتی:

– دە حەپم بۆ داناوی، خوا گەورەیە بۆ دە رۆژی دی.

وتم:

– پارەم نییە.

وتی:

– گوێ مەدەرێ.

دڵنیا بووم کە شەو بەئاسانی دەخەوم و ناگریم، گریانیش هەمیشە

ئاودێری خەونەکانمی دەکرد، هاوڕێکەشم "ص" هەمیشە پێی دەوتم:

– رۆڵە مەگری، ئەگەر دەگری بەبێدەنگی بگری، با فرمێسکەکانت داچۆڕێنە ناو دڵ و ناختەوە، با جۆگەی فرمێسک، دەموچاوت نەشواتەوە، گریانی ئاشکرا قەت تینەکەی ناگاتە گریانی شارراوە. بۆیە مەگری.

لەسەر ئەم ئامۆژگارییە چاوەکانم ئێستیان کرد، ئیدی فرمێسک لە ناخمەوە بەرەو دڵم ڕای دەکرد، بوو بەپیشەیەکی نهێنی، واتە قورس و گرانتر بوو، تێکەڵی خوێنیشم بوو، نینۆکەکانم دەگریان، هەروەهاش پەنجەکانم لایەلایەیان بۆ فرمێسکە قەتیسماوەکانی ناو بیلبیلەی چاوەکانم دەکرد، فێری مردنێکی بێدەنگیش بووم، لێوەکانم بەدەزووی بێدەنگی دەدوورییەوە و کونەکانی لووتم بەلۆکە وشە پڕ دەکرد و بەیەکجاری دەخنکام، هەنگاوەکانم بەڕێگە دڕکاوییەکان بەست و خوێن خوڕ خوڕ لە بن پێیەکانمەوە بەسەر زەویدا دەتکا و تاوانەکانم لە کونەکانی پێستمەوە دەبارینە ناو دەریا خوێناوییەکەی ژێر پێیەکانمەوە.

تا دەهات دڕکەکان سەوزتر دەبوونەوە، بالایان دەگەیشتە ئاسمان، ناچار دەبووم بێ هەڵوێست، بێ بڕیار و بەپەشیمانییەوە ژیانی ڕۆژانەم بەسەر بەرم، ژیانی هەفتانە و مانگانە و وەرزانە و ساڵانەم لە نێو مووەکانی سەرمدا دەشاردەوە. نەخێر.. نەخێر دەروونناس و قەشە و دان پێدانانم ناوێت، چونکە نووسین جۆرێکە لە دانپیادانان، بەڵام چۆن مەیموونەکان لێکی دەدەنەوە؟ چۆن لە وشە تێ دەگەن؟ بەچی باوەشێنی ئەزموونە گومانلێکراوەکانم دەکەن؟ ئەی خۆڵەمێشی هەنگاوەکانم، کێ بەبرژانگ گسکی لێ دەدات؟ زمانی پێنووسەکەم

تەتەڵە دەکات، لە کاتی نووسیندا پەرکەم دەیگرێ، وشەکانم قووت دەدا منیش هەتیا هەتیا نووکەکەی دەچەقێنمە دەمارەکانمەوە. یان باز دەدەمە ناو شووشەی مەرەکەبەوە و بچووک دەبمەوە.

من باسی چیم دەکرد؟ حەبەکانم لە لەیلا خان وەرگرت و بەپەلەپەل هەنگاوی خێرام بۆ ژوورەکەم نا، جانتاکەم لەسەر قەرەوێڵەکەم فڕێ دا و لاپەڕەکانی سەر مێزە زەردەکەم هەڵدایەوە بۆ ئەوەی بزانم لە کوێ وەستاوم تاکو نووسینەکەی بەرەبەیان تەواو بکەم.

نازانم بۆ بەرەبەیان خەریکی نووسین دەبم، ئەو کاتە کە هەموو ئێزگاکانی ڕادیۆ ڕەشەکەم لە پڕخەی خەودا دەبن، چونکە شەپۆلەکان کاریگەرییان لەسەر ئەندێشەم هەیە، بەیانییان واتە نیوەڕوان وەئاگا دێمەوە خەو بەگەڕەکی جارانەوە دەبینمەوە، وەکو پشیلە ڕادەچڵەکێم و باز دەدەم و بۆنی ژوورەکەم دەکەم و ئنجا مەجە عارەبانچی ئاسا، چاوە کزەکانم ئەگلۆفم و لە پەنجەرەکەوە تفێکی خەست دەکەمە ڕووی هەتاو. "مەجە" فێر بووبوو تفێکی خەست بکاتە نێوچەوانی "خەجە خەیات"ەوە، نازانم ئەمشەو بۆ مەجە سەرلەنوێ لە یادمدا زیندوو بووەوە؟ پێنووسەکەم لە جانتاکەم دەرهێنا بۆ ئەوەی بنووسم، کەچی پەنجەکانم وشک بوون و نەمدەزانی چی و چۆن وشە ببارێنمە سەر دێرەکان؟ مەجە لە کاتی تووڕەبوونیدا هاواری دەکرد و دەیوت:

– ئەی شارە بێ خاوەنەکە.

وا منیش وەکو شارەکەم، بێ خاوەنم، وشەکانم بێ ناز کەوتوون، ڕاستە من خاوەنیانم، بەڵام چەقۆ لە کوێ بێنم گۆشتی وشەکانم ببڕم و ئێسقانیان فڕێ بدەمە بەرچاوی خوێنەر. کام "خوێنەر"؟ ئەی بۆ وشە نەبێتە گوللە و چاوی خوێنەر کوێر بکات؟ خوێنەری حیز و دز و

پۆلیس، وشە دەکاتە راپۆرت و ڕەوانەی ئاسایشی گشتی دەکات! وتم وشەکانم بێ ناز کەوتوون، سزا دەدرێن، تف لە ڕوویان دەکرێ، جگە لە هەڕەشەو پەلکێشکردن. دووبارە چەقۆ لە کوێ بێنم گوناهەکان لە وشە بکەمەوە، دووبارە ببمە قەساب، خۆم نێچیر، خۆم قەساب، هەی وەشێرە پێنووس بووەتە پۆلیس، دڵم بووەتە قاسەی گوناه، بەبێ گوناهیش ژیانم بۆ ناچێتە سەر، ناتوانم ڕەنگی پێستم بگۆڕم، ئاوی ئەڵوەن هەموو رۆژێ چاوە زەردەکانی مەجەی خاوێن دەکردەوە، بەلام ئاوی زەمزەمیش گوناهەکانم ناشواتەوە، مەجە بەئەڵوەنی دەوت:

– بەست من پاکید.

من بەچ ئاسمانێک وێنەکەی مەجە دووبارە بکەمەوە؟ فرمێسکە خوێناوییەکانم خاوێن نین، تێکەڵی خەڵووزی رۆژگار بوون، هەواش پڕە لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، بارانیش زۆڵە، لە هەورێکی ئاوس و چڵکن لە دایک دەبێت، هەوریش لە رووبارە گومانلێکراوەکانەوە لە دایک دەبێ، خۆشم نازانم چی دەڵێم، تەماشای ئاوێنەی دۆزەخ دەکەم، ڕەنگی چاوە سوورەکانم دیارە، تفم لێ دەکەن، وا خەریکم بەهاوارێکی بەرزەوە مردووەکانی "پاشا کۆپری" خەبەر دەکەمەوە، تەنیا "مەجە" گۆڕەکەی جێ نەهێشتووە، سەرسام نییە و پێستی پشتی وەکو پێستی ئەسپەکانی راهاتووتە سەر قامچی، نا.. ئەوە مەجەیە و هات، بێدەنگە، دەزانێ ئەمرۆ تاوانێکم کردووە و ناتوانم بەگوللەیەک سەرم بکەمە هەزار بەشەوە، تا مەجە هات و بێدەنگ بوو، فرمێسکەکانم لە جێی خۆیاندا مات بوون، مەجە دانیشت، نازانم خۆیەتی یان سێبەرێتی، منیش دانیشتم و بەلەپی دەستی راستم ڕووی ئاوێنەکەم سڕییەوە و مەجە بەبێ سەرنج تەماشای کردن، هەڵسایە سەر پێ و

بەچوار دەورمدا سووڕایەوە وتی:

– نەگیر.

یەکسەر نوقوم بوو، گڵۆپی ژوورەکەشم لە خۆیەوە کوژایەوە، هەوڵم دەدا دای گیرسێنم، بەڵام هەوڵدانەکەم سیزیفییانە بوو، مەجە کە بێدەنگ دەبێ، لە بەردەکانی ئەڵوەن دەچێ، بۆ ملیار جار ماسییەکان پەلاماری بدەن شوێنی خۆی بۆ کەس بەجێ ناهێڵێ. مەجە یانی شار یانی ئەڵوەن، یانی پاشا کۆپری و بڵێسەی بانمیل، جگەرەیەکم لە پاکەتەکەم دەرکرد و دام گیرساند و دەنگدانەوەی شەڕی نێوان خۆی و خەجە خەیات کاسی کردم.

– ئەرا سەر لە خۆد شێوانیدە؟

حەزم دەکرد مەجە ون نەبووایە، بەقامچییەکەی پشتمی شین و مۆر بکردایەتەوە، بەڵام ئەو بەبێ دەنگی کوشتمی، بەڵێ حەزم دەکرد بەقامچییەکەی سزام بدا "ماسۆشی نیم" وەکو ئەسپەکانی غار بدەم و لغاوی حەزەکانم بەتوندی لە دەست بگرێت و لە شوێنی خۆمدا ببمە پەیکەر. بەداخیشەوە قامچییەکەی مەجە بەمیراتی، هەروەکو مەکینە سونگەرەکەی نەزاهەت خاتوون، ئەویش بۆ خەجە خەیات مایەوە، خەجەش لەو بڕوایەدا بوو کە شار دەمرێ بەڵام مەجە قەت نامرێ هەمیشە دەیوت:

– مەجە ئاو حەیات خواردیە نێمرد.

بەڵام دوای مردنی مەجە، خەجە شێت بوو، کۆڵان بەکۆڵان دەسووڕایەوە و لە دەرگەی ماڵانی دەدا و پرسیاری دەکرد:

– مەجە ها لە کورە، ئێوە شاردنەسەوەی لە من!؟!

منداڵان گاڵتەیان پێ دەکرد، ئەمیش بەقامچییەکەی مەجە هەڕەشەی لێ دەکردن، لە دواییشدا ئەو کەسانە کە جلی خەجەیان لەبەر دەکرد و خەیاتی بۆ دەکردن و خزمەتی دەکردن بەدەستی خۆیان و بەقامچییەکەی مەجە، بەرەو شێتخانەی بەغدا ڕاویان نا، کەسیش تا ئێستا نازانێت گۆڕەکەی لە کوێیە. با هاوارێک بکەم و خەجە بانگ بکەم و بەدەرمانەکانم ئارام بگرێ.. نە نە شێت نابم، ئەی بۆچی سەر و قژم شێواوە، زمانم دوو گەز هاتووەتە دەرەوە و ڕۆژی چەند ساتێ فێ دەمگرێ؟ نا نا ئاقڵم، خەجە و مەجە دوو پاڵەوانی ڕۆمانی "ئەڵوەن"ن، مردوون، ئەی من کەی دەمرم؟ کەی خەجە دەبێتە دایکم و مەجە دەبێتە باوکم؟

ببوورن مەست و سەرخۆش نیم و وڕێنەش ناکەم لەگەڵ خۆمدا، لە ئەوپەڕی حاڵەتی ڕاستگۆییدام. ئێستا ئێسقانەکانی مەجە و خەجە وردوخاش بوون، دوای دە ساڵی دیش ئێسقانەکانی من ورد و خاش دەبن، دەگەڕێمەوە بۆ خۆڵ و چەند یادێکی ناشیرین و تاڵتان بۆ بەجێ دەهێڵم، ئێستاش دەگەڕێم بۆ مەکینە سونگەرەکەی خەجە خەیات بۆ ئەوەی ئاواتە ڕەشەکانمی پێ بدوورمەوە، هەروەها دەگەڕێم بۆ قامچییەکەی مەجە بۆ ئەوەی سزای پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکانمی پێ بدەم.

لە چ وێستگایەک وەستاین؟ نازانم، با دووبارە حەبەکانم قووت بدەمەوە و لەسەر دروستکردنی هێلانەی ئەدەب بەردەوام بین. وشەکانم سکیان پڕەو وا خەریکن ژان دەگرن هیچ قەشەیەک نایاندەزایەنێت، دەرگەی کڵێسەکانی ڕووناکیش داخراون، چلچرای خاوێنیش کوژاوەتەوە، کێ دەڵێ تاوانی قەشەکان لە تاوانەکانی من

ڕەشتر نین، دادگەیەکی سەیرە، تارمایی سوێند و تۆبە و قازی و ویژدان و شایەت دیار نییە، بێدەنگیش دەرمانی ئەم شەوە زۆڵە نییە بۆ ئەوەی کۆتاییی بەکاتی لەدایکبوونی خۆی بهێنێ. ویژدانم لە نێو سینگە ڕووتەکەمدا وەکو خۆم وا خەریکە دەتوێتەوە و ئاگر لە کونەکانی لووتمەوە دێتە دەرێ، مردووەکانی پاشاکۆپریش لە چواردەورمدا زیکر دەکەن، کفنەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، خەریکم درۆیان بۆ دەکەم، بەسەرنجیان ڕووتم دەکەنەوە، با تەماشای سێبەری دۆزەخ بکەم، یان سێبەرەکانی خۆم کە هەر شەوێک و بەشێوەیەک لەسێدارەم دەدا.

کەی ڕۆژ دەبێتەوە؟ نازانم بۆچی خەجە پێستێکی تازەم بۆ نادوورێتەوە، بۆچی نازانێ لە ناو لاپەڕەکانمدا زیندوو بووەتەوە؟ ئەی بۆ ژوورەکەم نەبووەتە گۆڕی هەموویان؟ ئەی هەنگاوەکانم بۆچی لە خشت و کۆڵەکەکانی "کۆپی گەورا" تۆراون؟ هێشتا دادگە دەستی پێ نەکردووە، ئەڵوەن ماتە، کافکایەکی دەوێت لەسەری بنووسێت، ماسییەکان بوونەتە قاچاخچی و هەرچی شوێنەواری شار هەیە دەیدزن و دەیانکەنە زادی جوگرافیای درۆ! هاتن، لە چواردەورمدان، بەچەقۆی مچەی قەساب لەتوپەتم دەکەن بەبرنەوەکەی عەلی ئەکبەری پۆلیس سەگی سێبەرەکانم دەکوژن، هانی مەجە دەدەن بۆ ئەوەی ببێتە جەللاد، پێ دەکەنم، خۆم جۆری مردنی خۆم هەڵدەبژێرم. وشەکانم مین و هەر ئێستا دەتەقنەوە.

وەڕینی سەگەکەی گەڕەکەکەمان هێنامییەوە سەر خۆم، تۆ بڵێی وەڕینی سەگێک لە زەنگی گەردوون و لە هاواری عزرائیل بەهێزتر بێ؟ کەس دیار نییە، هەی داد و بێداد دەکەم و لەشم ساردە و داوێنی

کراسەکەم وا خەریکە دەبێتە کفنم، وشەکانم وا خەریکن دەبنە دێوانە و لە چواردەورمدا زیکرم بۆ دەکەن، فرمێسکە سوێرەکانم بوون بەئاوازی دەفەکانی، هەموو تەریقەتەکان ڕوویان کردووەتە دووڕیانی ئازارەکانم، هەرچی ئاین هەیە وا خەریکن نەخشە بۆ گۆڕی من دەکێشن، هەرچی فەیلەسووف هەیە کراس بۆ خەونەکانم دەدوورن.

چی دەڵێم؟ با نووکی تیژی پێنووسەکەم بچەقێنمە دەمارێکمەوە و لاپەڕەیەکی سپی هەڵبدەمەوە و ناونیشانی چیرۆکێک دەستنیشان بکەم، گوناهێکی نوێ چاوەڕێم دەکات و چەند تۆوێکی نوێ لە مشتمدایە، چاوەڕێن لە ناخی گوناهدا بیانچێنم، بەفرمێسک، نا نا.. هەواڵەکانی رادیۆ ڕەشەکەم کۆنن، شەیتانیش جێگۆڕکێ بەسەرینەکەم دەکات. با دووبارە خۆم بدەمە دەمی شەوێکی بێ دەرپێوە. شەوەکانم جۆراوجۆرن، هەندێکیان کلکیان هەیە و هەندێکی تریش شاخ.. کلکی دوێنێ شەو زۆر درێژ بوو، بەچەقۆی تیژی هەراسانی بڕیم کەچی درێژتر بوو و هەزار کلکی دی لە دایک بوون.

شەوەکەم بووە بەسەد چەرخ، تێیدا ملیار جار لە دایک بووم و مردم، عیسا و موسام بینی، لە ناو کەشتییەکەی نوحدا خەوتم، هەرەسهێنانی منارەکانی مزگەوتەکانم بینی، چەندین خەونم بەمردنەکانمەوە بینی، لەگەڵ گلگامیشدا دوام، بووین بەهاوڕێ، عەشتار بەخیلی پێ بردین، تەمووز لە باخەڵمدا توایەوە، شاخە سەهۆڵییەکان بوون بەچەند دەریایەکی کوڵاو.. بینیم شێخ مارفی نۆدێ سارتەر ماچ دەکات و تورین کیرکیگارد پیرۆزبایی لە فایەق بێکەس دەکات، هەموو جۆرە چێشتێکم خوارد، کەوچکەکانی هەموو چەرخەکانم چەور کرد، بارانەکانم وەستاند و دەریاکانی ئومێدم وشک

کـردەوە، لەگـەڵ سـەرکـەوتنی نرخـی دراوەکـان بەرز و نزم دەبووەمـەوە هـەروەکـو نەورەسـەکـانی ئـەڵوەن بەخـشـتی زێڕین بناخـەی خـەیاڵم دامەزراند، تۆ بڵێی دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ کار لە جوانیی ئەدەب بکەن؟ بەمـن چی؟ من مـرۆڤێکی بێعـار و بێ دەربەسـتم، ئەدەب بەمن چی؟ جـڕتێکم بۆ خـۆم کـێشـا، خـەرمـانی وشـەکـانم گـڕیان تێ بەربووە، هەگبەکانم پڕن لە ئیفلاسی، لە ئیشیشدا فنیش دەکرێم، یەک خەمم بۆ دەمێنێتەوە ئەویش خەمی دووکەڵە.

نووسینیشـم لێ بووەتە پەت و ملم جەڕ دەدا، خـۆیم پێدا هـەڵدەواسێ و نـامـکـوژێـت، زۆر هـەوڵـم دەدا و هـانم دەدا بمـخـنـکـێـنـێ، بـەڵام هەوڵدانەکەمی پووچەڵ دەکردەوە، هەروەها بیرەکانیشـمی دەخنکاند. تەوژمی هۆشیش پارچە پارچەی دەکردم، نە وشـەکانم بوونە نان و نە نانیش تێـری کـردم.. تۆ بڵـێی وشـەکـانم لـە هەر ژەمـێکدا و لە نێـو قاپێکدا گەڵاڵە بکەم و وردە وردە بیانکەمە پارو و تێرم بکەن؟ کێ ناڵێ وشەکانم نابنە ژەنگ و دەرمانخـواردم ناکەن؟ نابنە ژەهر؟ گەدەیشم لە نێو مەقەڵێی سکمدا دەبرژێت، خۆزگە وشە زێڕ بوایە و بمتوانییایە لە لای زەڕەنگەر بمگۆڕیایە. زەڕەنگەر قـەت بـەوشــە هەڵناخـەڵەتێت، نایخاتە ناو تای تەرازووەکەیەوە و نایژمێرێ.

ئنجـا خـۆزگـە وشـە ببـوایە بەچۆلەکـە و بەرەڵلام بکردایە، هیچ قەفەسێک پێشوازی لە وشە بێ باڵەکانم ناکات. وشە کۆشک و قەڵای بێ سـێبـەری هەیە. تۆ بڵـێی بتـوانم بەنووکی پێنووسـەکـەم چاوی وشەکانی ئەم شەوەم کوێر بکەم؟ دەرگەکان بشکێنم و لە پەنجەرەکانی زەمەنەوە بێمە دەرەوە؟

گەڕام زۆر گەڕام بۆ چەند دێڕێک پێناسەی وشـەمی تێدا بەرجەستە

بێت، دەمزانی لە هەموو قۆناغەکاندا بازرگانیی پێوە کراوە، زۆرجار شاعیران بەرامبەر بەهەزار درهەم شیعریان پێشکێش خەلیفە و والییەکانیان کردووە. وشە: هەی بەرگە تازە جوانەکەی بووکەشوشەکان، تۆ پینەوپەرۆی زۆر کەست داپۆشیوە، زۆر لە ناوانی نەناسراوت گەیاندووەتە ئاسمان و بوون بەئەستێرە، زۆر ناوی زێرینیشت لە ژێر گڵدا زیندەبەچاڵ کردووە، تۆ بەرامبەر بەمن بێدەنگیت هەروەکو حاڵەتەکانی خەمۆکیم، چیت لێ بکەم؟ نە دراوی و نە مۆمی بەئاگری ناخم دات گیرسێنم و بەهەناسەیەک بتکوژێنمەوە، یان پەنجەکانم لەسەر ئاگرەکەت گەرم بکەمەوە، نە لێفەیت و لە ژێرتدا خەون ببینم و خۆم لە قەرزەکانی ئەمرۆ و دوێنێ و پێرێ بشارمەوە. گۆڵت پێ دەکرێ و هەموو کەسێک بۆی هەیە یاریت پێ بکات، ژەهرت پێ ببەخشێ و دەرمانخواردت بکات، بەڵام بێعاریت، لەناو ناچیت، نامریت، شەو دێ، دەبێ ئەمشەو بتکوژم بۆ ئەوەی نووسەران بۆ یارییەکی دی بگەڕێن. لەسەر کۆنترین خشتی قوڕین هەڵکۆڵراوی و کەس بۆی نەبووە بتسڕێتەوە، کەچی ئێستا سواویت، دەی با یەکدی بکوژین، نا نا یاری شەترەنجت لەگەڵدا ناکەم، من بۆ چ دارخورمایەک شیعر بنووسم؟ سەیاب گیانی بەخشییە هەموو شتێک کەچی مرد. لە بیرمە دایکم هەمیشە پێی دەوتم:

– واز لە نووسین بهێنە، نووسین نانت دەدا ئاوت دەدا؟ واز بهێنە کچم، نووسین وەکو چۆلەکە باڵ دەگرێ و تۆیش باڵەکانت شکاون.

هیچم نەبوو بیفرۆشم، بەکەسیشم نەوت لە کارەکەم دەرکراوم کەچی هەواڵەکانم وەکو پەتا لە تاراندا بڵاو دەبنەوە. با بزانم رادیۆ چی دەڵێ..

– دوێنێ خەڵاتی نۆبڵ درا بەبرۆدسکی.

– بەڵێ خۆ رۆماننووسێکی گەورە و شاعیریشە، بەڵام ئەم خەڵاتە بۆچی نەدرایە من؟ بۆ بدرێ بەمن؟ چ سوودێکم هەیە بۆ مرۆڤایەتی؟ ناو پەیدا دەکەم، پارەیەکی چاکم دەست دەکەوێت، سوید دەبینم، گۆڤار و رۆژنامە جیهانییەکان وێنەکانم بڵاو دەکەنەوە، دەبمە ئەستێرەیەکی بەرز و بۆ خۆم فشە فش دەکەم، چی بڵێم، زمان لە کوێ پەیدا بکەم، من زمانم براوە، جاران سێ گەز درێژ بوو، ئا ئەو ساتە کە خەڵاتەکەم دەدەنێ، دەکرێمەوە و دەمم دەبێتە تەڵەی تەقیو، بۆ نا؟ ئەو ساتە شیعریشم بۆ دێ و بەزمانی کوردە رەش! ها ها ها با نووسینەکانم بڵاو ببنەوە، ئینجا وەردەگێڕدرێنە سەر چەندین زمان، هەتاکو مارکیزیش لاساییم دەکاتەوە، بۆ نا؟ مارکیزی سەگباب لە هیچەوە ناوی دەرکرد و بووە کەڵەشێرێکی جیهانی، خۆزگەم بەخۆی، بۆچی نۆبڵ نابەخشنە مریشکێکی کورد؟ شەو و رۆژ هێلکە دەکەم و کڕ دەبم و جار ناجارێ لەسەر زبڵدانی نووسین نانە وردە پەیدا دەکەم.

بەسە بەس، یەکەم کەس نیت دەرکراویت، سەر بخەرە سەر سەرینەکەت و بنوو، خەون بەنانێکی گەرمەوە دەبینیت و لە خۆوە تێر دەبیت. کەس نابێتە پەناگاهت، هاوڕێکانیشت برسییانە و بەچەند منداڵێکەوە وەگیر هاتوون، تەنیا تۆ سەربەستیت، دووبارە بزانە رادیۆکە چی دەڵێت، دەڵێ:

– زریانێکی ترسناک شاری فلۆریدای سەرەوژێر کردووە.

– کانزایەکی گەورە لە هۆنەلۆلۆ تەقیوەتەوە..

ژوورەکەشم بوومەلەرزەی هات، قەرەوێڵەکەم دەلەرزێ، خەتای

برسێتییە، تەماتە گران بووە، تەنیا من هەرزان بووم، لە بازاڕی ئەدەبدا وشەکانم نرخێکی ئەوتۆیان نییە، ئایا لەو کاتەدا کە سقرات پەرداخە ژەهرەکەی خواردەوە تا ساتی گیان لەدەستدانی و گیانبەخشینی بەئاسمان، بیری لە چی دەکردەوە؟ چۆن گیانی دا؟ ئەگەر نەمردایە چی دەبوو؟ چی دەکرد؟ دووبارە شۆڕشێکی دی بەرپا دەکردەوە؟ یان بێدەنگ دەبوو؟ نازانم، خۆ نووسینەکانیشم نەخوێندووەتەوە، دەمەوێ نۆبڵم بدرێتێ و لەبارەی سقرات هیچ شتێک نازانم، داوەشێم من تەنیا هەر ڕووی شتەکان دەبینم، وەکو باڵۆنێک فووم تێ کراو وام دەزانی ئیدی کەس لە من گەورەتر نییە، باش بوو بەتاڵ بوومەوە، هیچ پیشەیەک نازانم.. رادیۆکە دەڵێ:

– تا چاومان بەیەکدی دەکەوێت.. دنیا وەکو خۆی نامێنێت.

با سەیری نووسینی دوێنێ شەو بکەم "لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا کار دەکەم و نزیکەی پازدە ساڵە و لێپرسراوی هیچ لاپەڕەیەک نیم و کەم نووسین بڵاو دەکەمەوە، نە نامەم بۆ دێت و نە کەس تەلەفۆنم بۆ دەکات و نە پەرداخە ماستاوێکم پێشکێش دەکرێ و نە نە نە نە". بۆ ماوەیەک پۆستەی رۆژنامەیەکم لە بەرگێکدا تۆمار دەکرد –ناونیشانی بابەت– ناوی نووسەرەکەی، مێژوو... هتد. ئەگەر ناوی نووسەرێک بریقەردار بوایە منیش وەکو هەموو خوێنەران، پۆستەکەیم دەخستە لایەک و خەریکی پۆستەکانم دەبووم، ئنجا دەستم بەخوێندنەوەی نووسینەکەی دەکرد. دوو چاوەکیم دەکرد و بەرهەمەکەیم دەخستە سەرووی بەرهەمەکانی دییەوە. تاکو ڕیزی خۆی بگرێت و زوو بڵاو بکرێتەوە و خۆم تێکەڵی ئاین و ئۆینی جیهانی پشتی پەردەوە بکەم و بەخۆم بڵێم "وا منیش هەم" ئەگەرچی

بەدەگمەن ئەم جۆرە بەرهەمانە بەرچاوم دەکەوتن، چونکە بەدەست یاخۆ بەشێوەیەکی تایبەتی و بەچەند ڕێگەیەکی ناشەرعی و دەعوەت و عەرەقخواردنەوە و.. و بەرتیل و واسیتە، ئەو بەرهەمانە دەگەیشتنە سەر مێزی سەرنوسەر..

یاسا دووبارە گۆڕدرا، دووبارە پۆستە خرایە ژێر دەستم و لە یەک کاتدا بوومە شوان و بوومە قازیش، کەچی نە شمشاڵم هەبوو و نە تەرازوو، سەری خۆم با دەدایەوە و لچم شۆڕ دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەموت:

– دەبێت لاپەڕەیەک تەرخان بکەم بۆ هەڵبژاردە و ناوداران، لاپەڕەیەکی دیش بۆ دەست و پێوەند.

پاش ئەوەی کە نامە تایبەتییەکانم دەخوێندەوە، دەمبینی نەقش کراوە بەهەزار جۆر لە پاڕانەوە و لالانەوە و سڵاوی گەرم و بۆندار و چاوماچکردن و دەستگوشین و بەرتیل و دووفاقی.. دیسانەوە دوو چاوەکیم دەکرد و بەرهەمەکانم جیا دەکردنەوە و دەمناردنەوە بۆ سکرتێری نووسین، هەر دەبێت لە سووچێکدا و بەچپەوە و لەبەر ئاوێنەی وشەکاندا بڵێم: "وا منیش هەم".

پاش ماوەیەکی کورت لە پۆستەچێتی لابرام و کرام بەئاوڕۆشنکەرەی نێوان چاپخانە و هەڵەچنی، زۆری پێ نەچوو پێناسنامەی ڕۆژنامەنووسیم نایە گیرفان و ئیتر وام دەزانی دەسەلاتم بەسەر ئیشەکەمدا دەشکێ و خەونم بەوەوە دەبینی و ئاواتەخواز بووم بەڵکو ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە لێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب و بەرهەمی نووسەران دەکەونە ژێر باڵی ڕەحمەتم و ناسراو دەبم و نامەم بۆ دێت و تەلەفۆنم بۆ دەکرێت و فەردەی گوێز و شووشە هەنگوین،

گەنجینەکەی دایکم پڕ دەکەنەوە و دەعوەت دەکرێم و لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا باسم دەکەن و.. و.. و.. بەڵام ئەم خەونەم هەر نەهاتە دی، ئامادە بووم وشەی شیرین و دەمامکێکی تایبەتی لە ڕوو بێنم و لە پشتی مێزەوە دانیشم و تەلەفۆن بەدەستەوە بگرم و بڵێم:

– باشە باش، سەرچاو، وایە ئێوە هەمیشە پۆستمۆدێرنە بوون، جێی خۆیەتی و لە ژمارەی داهاتوودا بەرهەمەکەتان بڵاو دەبێتەوە، زۆر بەنرخ و بەپێز بوو، سان جۆن پێرس ناتانگاتێ، ئافەرین، سەرچاو، خواحافیز.

تەنیا بەر لووتی خۆمم دەبینی و بەس، بیریشم لەوە نەدەکردەوە نمرەی شووشەی چاویلکەکەم بگۆڕم و لە درزی پەچەوە لە قۆناغەکانی ئەدەب و قوتابخانە نوێیەکانی ورد ببمەوە و بزانم لە چ ڕۆژێکدام. نەمدەزانی ئەرکی سەرشانی لێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب زۆر گرانە و دەبێت لەسەرەخۆ و بەزیرەکییەوە ئەو بەرهەمانە هەڵبژێردرێن و دڵی کەس نەڕەنجێ و هەنگاو بەهەنگاو ئاگای لە مۆدێلە تازەکانی ئەدەب بێت و لەگەڵ ئەوەشدا مۆرکی نەتەوایەتی لە بەرچاو بێت سەرەڕای مامەڵکردن لەگەڵ زەوقی خوێنەر و مۆدێلی سەردەم. ئەم خەونە دەبووە پشکۆی مەقەڵێی شەوانم، هەراسانی دەکردم، دەمبینی مێزێکی ساج و کورسییەکی گەورە و وا لە هۆڵێکی گەورەدا دانیشتووم، چەندین بەرهەم لە بەردەستمدایە، نامەی چەند نووسەرێک لەسەر مێزەکەمن و نەکراونەتەوە و خەوتوون و تەلەفۆنیش لە لێدان ناکەوێت:

– ئەلو ئەلو

– فەرموو.. بەڵێ منم.. خۆمم.. نامەکەتان گەیشت و نووسینەکەشتان بڵاو دەکرێتەوە.. سەرچاو..

لەپڕ زەنگی سەعاتە چاڵمەکەم لێ دەدرا وام دەزانی زەنگی تەلەفونە، هەڵەم دەکرد و لەپڕ چاوەکانم دەکردەوە و تفێکی خەستم لە ڕووی شووشەی سەعاتەکەمم دەکرد و جنێوم پێ دەدا:

– بۆچی نازانیت لە ئیش دەرکراوم.

لێفەکەم بەسەر خۆمدا دەدا و دووبارە خۆم دەدایە دەمی شەپۆلەکانی خەوتنەوە.

لە نووسینی کورتە چیرۆکێک بوومەوە و نەمتوانی بەئاسانی ناوێکی جوانی بۆ پەیدا بکەم، تاقەتیشم نەبوو، جارێکی دی بینووسمەوە یان پێیدا بچمەوە و دەستکاریی بکەم، دەمزانی بۆ بڵاوکردنەوە دەست نادات و ئەگەریش بشێ ئەوا لە پشتی دەنووسن ناشێ. چارەنووسی ئەمیش وەکو چارەنووسی چیرۆکەکانی ترە و لە تابووتە شکاوەکەدا دەیشارمەوە، دۆڵابە سپییە شکاوەکەش زۆر بچووکە و یەک ڕەفەی تێدا ماوە و دەرگەکەشی کلیل نادرێت، چونکە کلیلەکەی ون بووە.

کلیلم بۆ چییە؟ کەس نییە دەرگەی دڵم بکاتەوە، کەسیش نییە دەرگەی دۆڵابەکە بکاتەوە و خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکانم بێت، پاڵەوانەکانم بۆ خۆیان لە پرخەی خەودان و پشوویەکی هەمیشەیی دەدەن. زۆرجار هەرچی ئێش و ئازارم هەیە دەیانکەمە بار و دەیانخەمە سەر شانیان و هەندێکیشیان ئەمەندە دڵسۆزن هەر کە پێ دەکەنم، بۆم دەگرین، کەچی تا ئێستا بۆ کەسیان نەگریاوم و.. درۆ دەکەم.. هەمیشە فرمێسکەکانم بەسەریاندا دابەش دەکەم و هەندێ جاریش لە دەریای خوێنمدا مەلە دەکەن و دەخنکێن و شەوان دەبمە شەوە و ساوای خەونەکانیان دەفرێنم و دەناڵێن و کتوپڕ دەمرن، کە برسیشیان ببێ بۆ پاروویەک نان دەگرین و دەست بۆ گیرفانە

بەتاڵەکەم درێژ دەکەن و لە جگەرە زیاتر هیچیان دەست ناکەوێت.

هەندێ جاریش کە لە نووسینی چیرۆکێک دەبمەوە هەست دەکەم مافیم نەداوەتێ و بەشی خەمەکانمی نەمژیوە و هێشتا بەمەبەستی ئەدەب ناوکیم نەبڕیوە، وێڵاشەکەشی هێشتا لە مێشکمدا ماوەتەوە بان و خوارم پێ دەکات، ئەگەر بەتەمای نووسینێک بم بۆ چەند جارێ ژوورەکەم جێ دێڵم و بەبیانووی ئاو خواردنەوەوە سەلاجەکە دەکەمەوە و شتێک دەخەمە دەممەوە و سەرلەنوێ بۆ ژوورەکەم سەردەکەوم، ئەگەر چاوێک بگێڕمەوە بەژوورەکەی ئێستام و بەراوردی کەم لەگەڵ ژوورەکەی جارانم ئەوا دەڵێم:

– ژوورەکەی جارانم باشتر بوو، بچووکتر بوو، دیوارەکانی لە زمانم حاڵی دەبوون و پەنجەرەکانی بووبوونە داڵدەی چۆلەکەکان. کەچی پەنجەرەی ئێستام نەک پەردەی نییە، بەڵکو داری لاولاو بەزستان و هاوین –ناشزانم بۆ– دای پۆشیوە، کەچی چۆلەکەیەک نایەت و ناشتوانم شەوان سەیری ڕێبواران بکەم یان گوێ بۆ ترپەی هەنگاوە تیژ و خێراکانیان بگرم. ئوتومبێلەکان رادەوەستن و نازانم خاوەنەکانیان کێن. وەڕینی سەگی ئەم گەڕەکەش لە وەڕینی سەگی گەڕەکی جارانم ناچێ، کەچی ڕۆژ و شەوانم هەر وەکو خۆیانن و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە، گرینگ نییە، من چیم دەوێت و چیم ناوێت، نە دەستم هەیە دوو دێر بنووسێت و نە چاوم هەیە ئایندەی خۆم ببینمەوە و نە قاچم هەیە هەنگاو بنێم، دەبێ هەمیشە خوێنم خوێندار بێت کەچی نەخۆشی شەکرەشم هەیە.

یادە کۆن و تازەکانم لە ڕەفەکانی مێشکمدا قەدقەد بەسەر یەکدا لە پڕخەی خەودان، هەروەکو مردووەکانی ژێرزەمینەکانی گۆڕستانەکەی

"نەجەف" چۆن گۆڕەکان وەکو بۆکسفایل دێنە بەرچاو ئاوها یادە خەفەکراوەکانم بەسەریەکدا گەلاڵە بوون و نووسینیش قەت فریایان ناکەوێت، ناچار دەبم سەر لە دەروونناسەکەم بدەم، ئەویش بەشێوەیەک خەونە ئاڵۆزەکانم شی دەکاتەوە، قەت فریای فانتازیاکەی ناکەوم، گرێ خەفەکراوەکانم دەکردەوە و کاتێ کە کلینیکەکەیم بەجێ دەهێشت هەستم دەکرد لە بەهەشتێکەوە فڕێ دراومەتە ناو دۆزەخێکەوە، هەفتەی سەعاتێک لە بەهەشتدا دەژیام، چونکە گوێی لێ دەگرتم و شوێنی باوک و دایکمی گرتبووەوە، زۆرجاریش شپرزەو سەرلێشێواو بووم، دایکم هەمیشە ڕاوی دەنام، وەکو جووجەڵەیەکی نامۆ لە ناو ماڵی باوکمدا هەڵسوکەوتم دەکرد. ئەو ڕۆژە کە لە کارەکەم دەرکرام وتی:

– کارێکی دی بدۆزەرەوە، خوا دەکات برینپێچی بێت یان کرێکاری، ببە بەنانەوا، بەخەیات، بەشاگرد..

زۆری وت. نەمتوانی ببم بەهیچ، خەم و خەفەتم وەکو پارچەیەکی ئیسفەنج هەڵدەفڕێ و بەشێوەیەک خەمەکانی دەگوشی هەروەکو تەماتە لاپەڕە بۆرەکانی ژێر دەستم ڕەش دەکردەوە. ئای لە قامچیی زەمانە، کام زەمانە؟ زەمانە ڕووڕەشەکەی کە ئاوێنەت دەداتێ و ڕیشت دەتاشێ و کلک و شاخت بۆ دروست دەکات و ئینجا پێت دەڵێ:

– فەرموو سەیری خۆت بکە.

وێرام سەیری خۆم بکەم. ئەو ئازایەتییەم هەبوو بۆنی ناخم بکەم، گرێکانم ببینم، ئارایشی رووی زەمانە بکەم، زەمەن دەگریا و فرمێسکەکانیم دەسڕییەوە، زەمان فێر بووبوو دەمامک لە ڕوو بکات، پێ بکەنێ و نەگری، یاری بەچارەنووسی هەڵوێستە سیاسییەکانم

بکات، منیش حەزم لەو جۆرە یارییە دەکرد، زۆرجار زەمانەم دەکردە مشک و یاریم بەکلکەکەی دەکرد، دەبوومە پشیلە و بەیەکەوە تەڕاتێنمان دەکرد، پێشم دەکەوت و ڕاوم دەنا، پێشم دەکەوت و چاڵی قووڵی بۆ هەڵدەکەندم، چەندین جار کەوتوومەتە ناو چاڵەوە، یان ناو بیرەوە و قەت بیرم لە ئەزموونەکەی "یوسف" نەکردەوە، پێیەکانم ڕاهاتبوونە سەر فێڵی ئازادی. ئاه، هاتمە سەر ئەو وشەیە و تەنیا من دەزانم مانای چییە و چەند مەودای هەیە و چۆن بیگەمێ.

ئیرادەی ڕەها هەر لە ڕۆژی یاخیبوونمەوە بووە بەسێبەرم، قەڵەو بوومایە ئەستوور و قەترانی دەبوو، لەڕ و لاواز بوومایە گەورەتر دەبوو، کەس نەیتوانی ئیرادەم بگەیەنێتە پلەی سفر، تەنیا لە لای دەروونناسەکەم نەبێ کە زۆرجار بەشێوەیەکی ئەقڵاتی کاری تێ دەکردم، لەگەڵ ئەوەشدا چی بوتایە، بۆ دانیشتنی داهاتوو کارێکی وام دەکرد کە وەکو ماسی لە دەستی دەربچم، واتە بەپێچەوانەی قسەکانییەوە ڕەفتارم دەنواند. براکەم "عەلی مەنسوور" بەهەموو هێزی لایەنی ئابوورییەوە کە وەکو دەزانن بەخێوی دەکردم، سەری سپی کرد، لێی نەدەدام، بەڵام تووڕە دەبوو، کاتێ کە سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد و لە حاڵی "عەباس مەحموود عەقاد" و "تەها حوسێن" تێ دەگەیشت، زیاتر لە من نزیک دەبووەوە، حەزی نەدەکرد بڕۆمە دەرێ، منیش زۆر بەدحاڵ دەبووم و لە ماڵەکەمدا ئارامم نەدەگرت، شەو و ڕۆژ ژیانم لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبرد. پێم دەوت:

– ئیشم هەیە.

دەیوت:

– ئیشی تۆ قەت تەواو نابێ.

نەمدەزانی چارەنووسم چۆن دەبێ، هیچ جۆرە پلان و نەخشەیەک بۆ ئایندەم لە گیرفانمدا نەبوو، بۆ چەند ساتێک دەژیام و بوومە ڕاوچیی خۆم، خۆمم ڕاو دەکرد و لەسەر لاپەڕە دەژیام.. زۆریش دەگریام، نەنکیشم بەچەقۆی زمانی کوت کوتی دەکردم، تووڕە دەبووم و لە خواردن دەتۆرام، مانم دەگرت و نەمدەزانی لە کوێوە لە دایک بووم و بۆ کوێ دەڕۆم، ژان لە ناخمدا هێلانەی خۆی چاندبوو، بەدەم ئازار و گریەوە دەمنالاند، ونبوونێکی سەیر ون بووم، زۆر کەسیشم ون کرد، بەڕادەیەک پزیشکەکەم قوتابخانەی وجودیی بۆ زانستی دەروونناسی بەکار دەهێنا، ئیسلامیەت و فیقهە و شەریعەت و مارکسیەتی بەجێ هێشت و هاتە سەر ڕێبازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەم، لەگەڵ خودی خۆمدا زۆر راستگۆ بووم، باجیشم زۆر دەدا، دەتوت بەدەسرازەی نائومێدی و ڕەشبینییەوە قومات کراوم، غەزەب و نارەزایی و تووڕەبوون زادم بوو لەباتی شەکر، خەمم دەڕژاندە ناو پەرداخی چایی بەیانیمەوە، ژەهرم دەکردە پارووی نانی نیوەڕۆ، لە ڕەشبینیدا کافکا دەبووە موریدم.. شێخ و پێغەمبەری نائومێدەکان بووم.. ژیانی ڕۆژانەم لێ بووبووە بەردەکەی سیزیف، وێنە و روخسارم لە ناو ئاوێنەدا نارەزایی لێ دەباری، کەس نەیزانی من چیم دەوێ مامۆستا هێمن نەبێ کە هەمیشە پێی دەوتم:

– بەپەنجا ساڵ پێش میللەتی کورد کەوتوویت.

ئەو کاتە کە شیعرەکانی بۆدلێرم دەخوێندەوە یان لە یاخیبوونەکەی کامۆدا خۆمم دەدۆزییەوە، من و ئەدەب و فەلسەفە و زانستی دەروونناسی بووین بەهاوڕێ، تاقە دەرمانم وشە بوو، وشە بووبووە خۆراک و ئاو و ئۆکسجین و تلیاک و مەیم. لێوە باینجانییەکانم

وشـەیان دەبارانده سـەر لاپەڕە سـپـیـیـەکانی ژیانم، بەدزییـەوە لاپەڕەم ڕەش دەکـردەوە و ژیانی ڕۆژانـەم کـە زۆر تاڵ بوون، تێکەڵی خـڕۆکـە سوورەکانم دەبوو و ناچار دەبووم پەنا بەرمە بەر پێنووسەکەم، هەستم دەکرد لاپەڕەکان دەرمـان و لۆکەن، ئازارەکانم دەمژن و تیمارم دەکەن، بـەتایبـەتی تیـمـاری دڵە تۆراو و بێ ناز کـەوتوو و برینـەکـانم، دەروونناسـەکەم لە کۆتاییی دانیشتنەکەماندا دەیوت:

– سێ تۆفـرانیلی ٢٥ گـرامی قـووت بدەرەوە. ئەگـەر زۆر بێ تاقـەت بوویت "کالمان"ێک وەرگرە، لەم ڕۆژانەدا تەنیا ئەم حەبانە چارەسـەری ئازارە ڕەشـەکانت دەکەن.

– ئەگینا خـۆ گـیروگرفتـەکانی تر ئەمـەنده ئاڵۆزن مـەگەر فرۆید و یۆنگ و ئدلەر فریام بکەون.

– چاک دەبیت مادامـەکی گۆی زەوی دەسووڕێتەوە، وشـە لە ڕۆژ جیا دەکەیتەوە، من گۆچانتم.

ڕۆژ بەڕۆژ حـەبی زۆرتری بـۆ دەنووسـیم، ڕەشـبـینـتـر دەبووم و دەرکردنم لە کارەکـەم و ڕەنگە ئیدی نەتوانم سـەر لە دەروونناسـەکەم بدەم، ئەم جـۆرە نهێنییـانە باس ناکرێن، چونکە قـەشـەکان یەکێکیـان دەوێت گـوێیـان لێ بگرن، شـەوان لەم ژووره داخـراوەدا سـەربەسـتم و لەسـەر لاپەڕەکانی ژێر دەسـتم پیانۆ دەژەنم و وشەکانم دەبنە ئاوێنە و تاریکی شـەو دەبێتە پەردەیەک و دام دەپۆشـێت و ئیـتر چاوی ڕۆژگـار کوێر دەبێت و نامبـینێت، بەتاق و تەنیـا خـۆم دەخـۆمـەوە و لـە هـەمـوو شـتێک دەپچڕێم، لە خـەون، لە سـەربەسـتی، مـردنێکی کـاتی دەمـرم، لەشم سڕ دەبێت و ئاگام لە لێدانی دڵم نامێنێت، ڕادیۆ ڕەشـەکەشم بۆ خـۆی وڕێنە دەکات، کـەس بەم شـێـوەیە بەبێـدەنگی نامـرێت و زیندوو

نابێتــەوە، تەنیـا مـن بەم جـۆرە بەم ئەزمـوونە تاڵەدا تـێ دەپەڕم. بەڵام چۆن ســـەرلەنوێ رادەچڵـــەکـێم و زینـدوو دەبمەوە؟ نازانم، بـۆ خـــۆم بەبێدەنگی دادەنیشم.

با ســـەیری لاپـەڕەکـانـی نیـوەڕۆ بکەم "داوەشــێـیت، خـۆ نـەبووی بەئیـدگـار ئالان پـۆ، بنوو، بمرە، چیت نووسـیـوە؟ تـەنیـا باسـی خـۆت دەکـەیت، لە خـۆت زیـاتر کـەس نـابینیت، چاویلکەکـەت لە چاو بکە و بەشـێـوەیەکی نوێ سـەیری ئەم گـەردوونە بکە، بخـوێنەرەوە، بەدرۆ و لە ئەم و ئەو داوای کــتــێب دەکـــەیت و رۆژنـامـــە دەخـــەیتــە بن بـاڵت و پەنجـەکـانـت بەمـەرەکـەب شـین دەکـەیت و ئیـتـر بەســە تاکـەی خـۆت هەڵدەخەڵەتێنیت؟"

وا زسـتـان هـات، دەرگـە و پەنجـەرەی ژووره داخـراوەکـەت بکەرەوە، بۆنی زسـتـان بکە کە بەهاری لـە دوایە، بۆ دەترسـیت؟ زسـتـان گـورگ نییـە، نەبوونی وتەداریی گـورگـە، کێ سـینگە ڕووتەکـەت بەدووکـەڵ پڕ دەکاتەوە، سییەکانت پڕ دەبن لە خـەمی گـەردوون و.. تەنیـا تۆ و چەند کـەسێک مـاون، بۆچی خـۆت نافرۆشیت؟ هەڵوێسـتی چی و تەڕەمـاشـی چی؟ دەی هـەڵسـە سـەر پێ و فشـەفش مـەکە، نـووسـینەکانت بەشـەش تەقـەڵ بدوورەوە و مۆنتاج و تەکنیکی چی؟ هەسـتە دەی نووسـینەکـەی دوێنـێ تەواو بکە، هـەسـتــە، ئافــەرین، لـەســەرخـــۆ، مـێــزەکـەم لـەبەر دەسـتدایە، ئاگـات لێی بێت، بـا شـووشـە مـەرەکەبەکە کە لە دەزگاکـەت دزیت و پارەت نەبوو شووشـەیەک مـەرەکەب بکڕیت، نەڕژێت، دایکیشت سـەرت لـێ دەشـێـوێنێت و هـەمـوو رۆژێ چاوی بەڕەنگی خـوێنە زەرد و ڕەشــەکـەت دەکـەوێت و دەکێشـێت بـەڕانی خـۆیدا، هیـچ ناڵێت تەنیـا دەتداتە دەسـتی قـەدەرێکی نـامـۆوە، ئاخـۆ مـنداڵدانی ئەمـیش زیندانێ

بووە؟ شیری ژەهر بووە؟

کتێب و رۆژنامە و نووسینەکانت تێکەڵی یەکدی بوون، بۆ کێ نامەت نووسیوە؟ چ باڵندەیەک دەیبات؟ ئەو؟ هێشتا هەر خۆشت دەوێ؟ خوا دەزانێ دەستی لە ملی کێدایە و لێوەکانی لە نێو دەمی چ سۆزانییەکدایە؟ تۆش بەرۆژووی، دوو هەنگاو، سیان، وا دەگەیتە بەر دەرگەی ژوورەکەت، بووەستە، دەستی چەپت بەرز بکەرەوە گڵۆپەکە داگیرسێنە.. ئافەرین.

کە ژوورەکەم رۆشن بووەوە، چاوم بەکورتە چیرۆکێ کەوت، لەسەر لاپەڕەکاندا تەنیا ناونیشانێکم بینی و نازانم چۆن دەقی چیرۆکەکە باڵی گرتبوو و فڕیبوو، خۆ پەنجەرەکانم داخستبوو، تۆ بڵێی تەنیا هەر لە کاتی خەوبینیندا چیرۆکەکەم نووسیبێت؟. پانکەکەم کوژاندەوە، ترسام نەوەک پەروانەکانی بترازێن، هەموو شتێک لە یەک ترازاوە و دیواری بیروباوەڕەکان هەرەسیان هێناوە، نازانم ئەم نووسینە کێ خەتێکی راست و چەپی بەسەردا هێناوە، دەستخەتی خۆمە، بەڵام کێ نالێ کاتێک کە دەمامکم لە ڕوو کرد و دەرنەچووم بۆ دەرەوە و پێویستیم بەئارایشت نەبوو و وا دیارە خۆم ئەم خەتە راست و چەپەم بەسەردا هێناوە، هەموو شتێکم لە دەست دێت، من لە ژوورەکەمدا حکومەتێکم بۆ خۆم. بەسەر لاپەڕەکانمدا سەمای فالس دەکەم، دەگریم، سێکس لەگەڵ پاڵەوانەکانم دەکەم، خۆ من بوومەتە دوو کەس، دوو مێ و دوو نێر، بەداخەوە هەر دوو پێم هەیەو هەمیشەش هەر بۆ دواوە هەنگاو دەنێم، ململانێی نێوان چوار بەشەکانم کۆتایی پێ نایەت، ڕەنگیشیان وەکو ڕەنگی گیسک و مەڕ وایە، ڕەش و سپین، ئاه، ئەمڕۆ رۆژی سەرژمێرییە و دەترسم (س) بێت و یەکسەر

پرسیارم لێ بکات.

– ناوت چییە، کەی و لە کوێ لە دایک بوویت، شارەکەت، تەمەنت، مووچەکەت، هەنگاوەکانت؟

خۆیشم نازانم ناوم چییە، هەر ڕۆژەی ناونیشانێک بۆ خۆم پەیدا دەکەم.. نازناو لە فەرهەنگدا نەماوە نەیلکێنمە قەد خۆمەوە، کەی لە دایک بووم؟ من قەت لە دایک نەبووم، دڵنیام لەوەی کە ڕۆژی لەدایکبوونم بەمردوویی، ڕۆژێکی شووم بووە، نازانم کەی باوکم تفێکی خەستی کردە منداڵدانی دایکم و لەوێدا گۆپیم، کێ دەڵێ و چۆن و کەی لە منداڵدانەکەیدا ئارامم گرتووە و چۆن باڵم نەگرتووە و چۆن نەشڵەژاوم و نەمردووم. با دانیشم، ئێستا کەسانی دی وەڵامی (س) دەدەنەوە. خۆ (س) بۆ ژوورەکەم سەرناکەوێت.. ڕەنگبێ لە ژێر قەرەوێڵەکەمدا خۆم بشارمەوە، حەز لە پرسیار و وەڵام ناکەم، ناشزانم کە (س) نێرە یان مێ، هێشتا لە زەنگی دەرگەی نەداوە، وا دیارە لە ماڵێکی تردایە و نۆرەی ئێمەش وا خەریکە دێت. دەبێ پێی بڵێم:

– من نۆبەرەی دایک و باوکمم و زۆڵ نیم.

کێ دەڵێ؟ یەکەم پرسیار لە من دەکرێت، وەڵامی چی بدەمەوە؟ دەبێ درۆش نەکەم، چۆن دەبێت، پێی دەڵێم:

– تەمەنم سی و شەش ساڵە.

خۆ بەدەموچاومەوە دیارە، لەسەر نێوچەوانم ڕۆمانێ نووسراوە، ئەی مام سەبری بۆتانی دوێنێ پێنج دیناری نەدامێ و وتی:

– لیلۆز مێژووی میللەتی کورد لەسەر نێوچەوانت نووسراوە، تۆ

شتی شاراوەت نییە، وەکو شووشەیت، هیوادارم هیچ بەردێک وردوخاشت نەکات.

ڕەنگە تەمەنی ئافرەتانیان نەوێت، خۆ نامبەن بۆ سەربازی و بەرەکانی جەنگ، ئەگەر (س) سەرکەوت سەری لێ دەشێوێنم، هەر شێتی دەکەم، دەیکەم بەپەند، هەرچی سەرلێشێواوی خۆم هەیە دەیبارێنمە نێو دەروونییەوە، تا لیستەکان تێکەڵی یەکدی دەبن و نەخشەی یادەوەریی ئەم ناوچەیە تێک دەچێ.. خۆ پێناسنامەشی دەوێت، لە کوێ پێناسنامە ونبووەکەم بدۆزمەوە، ژوورەکەشم تاریکە، تا دێت و دەڕوات چۆن ئارام بگرم؟ ئەو تەنیا ئەم کارەی پێ ڕاسپێراوە، مێشکیان شۆردووەتەوە، وەکو ماشین یان تووتی بەکارەکەی هەڵدەستێت، خۆ ئاگای لە ناخی کەس نییە. کەسیش لە دەرەوە نییە، جادە چۆڵە و خواپێداوەکان ئێستا دانیشتوون و تەماشای ڤیدیۆ دەکەن، یاخۆ چەند کورسییەکیان لە باخچەکەیاندا ڕیز کردووە و خەریکی خواردن و خواردنەوەن، چەند کەسێکی دیش خەریکی مشتومڕن تەنیا بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرن، ئەمڕۆ چۆن بەسەردەچێ؟ ڕۆژێکی تایبەتییە و دەرچوونەدەرەوە قەدەغەیە، هاوڕێ دوژمنەکانیشم لێرە نین، هەر یەکەو ڕووی لە ماڵی باوان کردووە، خۆزگەم بەخۆیان لە شاری خۆیانن.

چوار پێنج بان و خوارم کرد، بۆ پێنووس و مەرەکەب و ڕادیۆ ڕەشەکەم دەگەڕام، دایکم کە بینیمی خێرا نەڕاندی:

– چەدە هەر بان و خوار کەید، ئارامد برِیاس؟ گلاراو کردیدە؟ وەک ئەوەی عالەمە کەمێگ ئارام بگر، هەی بێ ئارام، خۆ ئمرۆ دەرچین نییە، دەشت و دەر نییە، خودا مەعینمان بود.

نەیدەزانی بۆچی شڵەژاوم، وەڵامیم نەدایەوە و چەند لاپەڕەیەکی مارکیزم خوێندەوە و رۆمانەکەیم فڕێ دا، حاڵی نەبووم، من تەنیا لە زمانی دایکم تێ دەگەم و چیرۆکی ڕەش دەنووسم و شەڕ لەگەڵ لاپەڕە سپییەکانم دەکەم، دوو ڕەنگی سەرەکی هەیە، وایە، من کامیانم بەدڵە؟ هەردووکیان؟ نابێت. خۆ "س" ناپرسێت بۆچی کراسی سپیت لەبەردایە و ڕووت ڕەشە؟ نازانم بۆ کەوتوومەتە ناو وەهمی تۆڕی "س"ەوە، بوومەتە نێچیری پرسیارەکانی، خۆ جارێ هیچ ڕووی لە من نەکردووە، خۆزگەم بەو کەسانەی کە بێ دایک لەدایک بوون، باشە لەسەر چی بنووسم؟ هەموو نووسینەکانمی پەرت و بڵاو کردووەتەوە، ژێر سەرینەکەشمی پشکنیوە، دوێنێ هەڕەشەم لێ کرد، ئەویش بێ دەربەستانە وتی:

– منیش ئاگر دەمە عومرد.

ڕاست دەکات، چونکە نرخی چیرۆکێکم ناگاتە نرخی پشتییەکی، ناهەقی نییە کە دەڵێ:

– بوومە قوربان خوا، دویت عاڵەم گشتیان ئاخر هاوردنە، بەس تو کەفتیدەسە دویا. ئاخرد شەڕ بیە، دڵد وە چەرەو خۆشە، وە کاغەز و قەڵەم، ئەیە سەرمایەدە، ئاڵتونین شاردیدە سانەوەی، ترحەو ئەرا خۆد و قەڵەمد، خو لە کارەگە دیش حەی ترد کردد، دی ئەرا کی پشت خۆد چەمانیدرە شەو و ڕۆژ وە ڕۆژ زیندەکور بوون. خو تو بیدەسە خەر.

دڵنیایە کە نووسین سوودی بۆ من نییە، ئەم ڕاستییەش وە نەبێت خۆم نەیزانم، بەڵام دانی پێ نانێم، خۆم هەڵدەخەڵەتێنم و تەنیا هەر بەهودەیم بۆ دەمێنێتەوە، من لەگەڵ کێدا دەدوێم، کێ گوێی لە منە و لاپەڕەکانی ژێر دەستم هەڵئەداتەوە. تۆ بڵێی نووسەرێکی ڕاستەقینە

بم و بەخۆم نەزانیبێت؟ ئەی بۆچی پاڵەوانەکانم لە پرخەی خەودان؟ کەی چاویان بەڕۆژی خۆیان دەکەوێت؟ ناهەقم نییە ئەگەر دەرد و ئازاریان بکەمە سێ ژەم نان و بیخۆم و فرمێسکیان بخۆمەوە و لە ناو دەریای خوێنیاندا مەلە بکەم و قسە سواوەکانم بکەمە سابوون و چڵکی پێستە چرچەکەمی پێ بشۆمەوە، چیم لە دەست دێ؟ دروستیان دەکەم و دروستم دەکەن، خوێنی یەکدی دەمژین، گێژ و بەنگ دەبێت، تەوژمی خوێنمان بەرز و نزم دەبێتەوە، لە کۆتاییشدا شەقێکم تێ هەڵدەدەن و جرتێکی درێژم بۆ دەکێشن، منیش هیچ جۆرە چەکێکم نییە. ئەم سینگە ڕووتەش بەرگەی تیری رۆژگاری ڕەش ناگرێ، پێستی پشتیشم قەت نەخشەکانی خۆی ناگۆڕێت، نازانم بۆچی نەخشەی نێوچەوانم ون کردووە، کێ دزیویەتی، جنۆکەی چ ئاودەستێک؟

ناونیشانی هەواڵەکانی دەروونە گڕ تێبەردراوەکەم چەند دروشمێکن و لکاونەتە قەد هێڵەکانی نێوچەوانمەوە، زۆر هەوڵ دەدەم بەتەباشیری ڕەش ئەم دروشمانە بسڕمەوە، بەڵام ڕەنگی تەباشیرەکە دەگۆڕێت و خوێنێکی ڕەشی مەیوو دەتکێتە سەر سینگە ڕووتەکەم، خۆ (س)یش هەر نەهات، دایکم کە سەیری ملم دەکات هەمیشە دەڵێ:

– گەردانەگەدیش گوم کردیدە، خودا زاند ل چ مالێگ.. ئاخر.. هەی (...)ە.

خۆشم نازانم بۆ چەند جارێ گەردانەی قەدەر لە ملم ئاڵاوە. نازانم لە نوێنی چ شەوێکی ڕەشدا گەردانەکانم ون کردووە.

پیانۆیەک چاوەڕێی پەنجەکانی خاوەنەکەی دەکات، ئیقاعی رۆژانی گران و قورس و تەمومژاوییە، چیرۆکێک هێشتا تەواو نەبووە، سازان

لەگەڵ تەنیاییدا، چاوەڕوانی، ژوورێکی پڕ لە دووکەڵ، بێ هاوڕێیەتی، ترس، نیگەرانی، فۆبیا، بێزاری، بێهوودەیی، ترس لە رابردوو و داهاتوو، باران، زریانی خەم، ئا بەم شێوەیە رۆژانم سکیان پڕە، هەواڵە درۆکانی رادیۆ رەشەکەم تێکەڵی چەند نامەیەکی نەکراوە بوون، بۆ دار و درەخت و چرا و پاسەکان پەرۆشم، تەلەفۆنەکەش لاڵ و کەڕە، بوومەلەرزەی خەون تێکەڵی فیوزکردنی کارەبای لەش بووە، جگەرەی بەغدا، بانگی نیوەڕۆ، چۆلەکەکانی سکم، لێوە دووراوەکانم، گوێیە لە لۆکە ئاخنراوەکانم، مەسینە کونکراوەکەی ئاودەستی نائاگاییم، چاویلکەکەم، ئەمانە هەموو ناکەنە پێناسنامەیەک.

– س چیت دەوێ چی؟

تەنانەت تەقەڵەکانی لێفەکەم هەڵوەشاونەتەوە بیریشم هەلاجی دەکرێ، بەرگی پشتییەکەم بەچڵکی دزینی خەون رەش بووە، ئەمەندە خەونە دڕکاوییەکانمی مژیوە هەڵوەریوە، چەند تەڵە موویێکی پیس لکاونەتە قەد شانەکەمەوە، دڵۆپ دڵۆپ خوێنیان لێ دەتکێ، پشیلە زەردەکە هات، رەنگە "س" جیاییش بۆ پشیلەکەمان بکات، بەپرسیارێک زمانی "س" دەبڕم، هەمیشە پرسیارەکانم گوێزان و مەقەست بوون، چی دەڵێم؟ نازانم.. با چەند لاپەڕەیەکی دی هەڵدەمەوە.. با سەیری مێژووی ئەم لاپەڕە بۆرانە بکەم،......، با، با بخەوم، نا نا.. با خۆم بکوژم، ترسنۆکم، با ئەستێرەکانی ئاسمان بژمێرم، تۆ بڵێی مانگیش وەکو من کۆستی کەوتبێ؟

تازە لە خۆشۆردن بوومەوە، ئاوەکە سارد بوو، چڵکەکانم لکابوونە پێستە بۆرە چرچەکەمەوە و پشیلە زەردەکەش لەسەر دیواری باخچەکە لەگەڵ هاوڕێکەیدا مشتومڕیانە، دوێنێ تۆرابوون، بەشەقێک

فڕێم دانە دەرەوە، دەرگەی چێشتخانەکەم داخست، چونکە باری سەر شانەکانم هەراسانی کردبووم، وام دەزانی بەو شەقە بارەکەم لە کۆڵ دەبێتەوە. بەدەم گۆرانی چڕینەوە هاوارم کرد. دایکم لەبەر خۆیەوە وتی:

– خوا ڕەحم بکە هەم گردەی.

وای زانی دووبارە خەریکە شێت دەبم، وا دەزانێ فێیەکی سامناک و هەمیشەیی دەمگرێ، بەرم نادات، بەبێ وەستان دوو پاکەت جگەرەم کێشا، سینگم پڕ بوو لە دووکەڵ، بەدیار مێزە زەردەکەمەوە دانیشتم، ڕوانیمە نووکی پێنووسە کولەکەم، تفم لە ڕووی کرد:

– هەی ترسنۆک، هەی بێ غـیـرەت، چەک هەڵگرە، ببـە بەچەک بمکوژە و و و و.

ئەم پێنووسە وەکو شیوعییەت نە لە کۆڵیان دەبمەوە و نە لە کۆڵم دەبنەوە، وشەکانم بوونەتە تەوق و زنجیر، یەک چارەنووسی قەترانی، ئەویش ئیفلاسییە چاوەڕێمان دەکات، یەک ڕەنگیشمان هەیە، ئەویش بێدەنگییە، بێ ڕەنگییە، دەبێ بۆ هەتا هەتایە سروش لە بێ بۆنی و بێ ڕەنگی ژیان وەرگرم، بەنگ بم، پشیلە زەردەکە کە من بەخاوەنی خۆی دەزانێت و منیش خۆم بەخاوەنی دانانێم، دێت و سەرم لێ دەدات، لە چواردەورما دەسووڕێتەوە بەمیاو میاو زیکرم بۆ دەکات و ئنجا هەروەکو ئاوێنە ڕووڕەشەکەم قیت بەرامبەرم دادەنیشێت، ناچارم دەکات بیدوێنم دەڵێ:

– میاو میاو میا و..

دەبمە سەگ و دەوەڕم:

- حەپ، حەپ، حەپ..

دایکم کە چاوی بەم دیمەنە دەکەوێت، بەلەسە دەبێت، وەکو ئاگر پەلاماری پشیلەکە دەدا و بەشەقێک فڕێی دەداتە دەرەوە، منیش لە یارییەکەم پەشیمان دەبمەوە و بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە، راستە ژوورەکەم دوو مەتر و نیوە و گۆڕێکی گونجاو و خنجیلانەیە، دیوارە بۆرەکان بەنەخشەی ژیانە بێ ڕەنگەکەم ڕەش هەڵگەڕاون، خەونەکانم باوێشک دەدەن، دەرگە ئاسنینەکەشی لە شەوانی نائومێدیدا دەتوێتەوە، بەبەرد و گەردەلوول و زیارەتی نەهامەتی نامپارێزێت، هەست بەخۆرە نامۆییەکی سەیر دەکەم. بەرۆژیش ناوێرم دڵداری لەگەڵ گزنگە هەتاودا بکەم. نازانم بۆچی ئەو گزنگانە لە ژوورەکەم تۆراون، بەیانی باشم لێ ناکەن، دام ناپۆشن، خوێنم پاک ناکەنەوە، ئاسمانی ژوورەکەشم بەچەندین پەڵەی ڕەشی دووکەڵی جگەرە تەنراوە، خۆ من لە کارەکەم دەرکراوم. "مەی" وتی:

- ئەمجارە دواجارە کە مووچەمان لێ وەردەگریت، وا بزانم ئاگەداریان کردوویت.

- بەڵێ.

- تۆ بەتەمای چیت؟ تۆ فێری بێ ئیشی و دەستبەتاڵی نەبوویت، قەت باری سەرشانی کەس نەبوویت، ناتوانیت لە ناو بازنەیەکی بەتاڵدا بسووڕێیتەوە.

- ژیان هەمووی بازنەیەکی بەتاڵە و مردن قفڵی دەدا.. ئێمە بەکارکردن خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین.

- ئەگەر ئیشکردن گەوهەری ژیان نەبێت، ئەی چی بێت؟

– دڵم دڵێکی دەستکردە، ترپەکانی لەسەر ئاوازی هەموو کارێک ئیش ناکات.

– ژیان تەنیا قن بادانە و..

– میلی سەعاتەکەی دایکم وەستاوە، بەڵام چاوەکانی ئێوە وا دەزانن میل دەجووڵێت و لە هیچەوە سەعاتەکانتان قورمیش دەکەن و یاری بەژیان دەکەن، بۆ دوو هەنگاو بۆ دواوە نانێن؟

– بۆ دەتەوێ دوا بکەوم؟

– پارەکەم بدەرەوە.

– هەر هەشتایەکە وا بزانم کەمتریشە، خۆ تۆ قەت تەرفیع ناکەیت، دەزانی زۆر گێلم، ناشتوانم وەکو تۆ بم.

– منیش ناتوانم وەکو تۆ بم، قەت دوو کەس لە یەکدی ناچن. ئینجا لاپەڕەکانیش کوت کوت کوت دەکەمەوە یا گڕی شقارتە جگەرەکەی پێ دەکەم.

– تێ ناگەم.

– باشتر.

نەمزانی بۆچی "مەی" ختوکەی هەستی دام و هێنامییە قسەکردن، گەڕامەوە ماڵێ و بەرامبەر بەئاوێنەی دایکم دانیشتم، شاخ و کلکەکانی خۆمم بینی، سەرسام نەبووم، وەکو دەبەنگەکانیش لە زستاندا جلی زستانی لەبەر دەکەم و لە هاویندا شۆرت لە پێ دەکەم، سێ ژەمی ناو ئاو و جگەرەشم وەکو مەڕەکان، ئەی بۆچی منیش کردم؟ چراکانی مێشکم کوژاونەتەوە یاخۆ چی؟ جەستەشم لە پەیکەری قوڕاوی دەچێت، ئەگەر باران بەسەریدا بباریێ، دەڕووخێت و

هەرەس دەهێنێت.. چیم لە ئادەمیزاد کەمترە؟ رەنگە خەتای چاویلکەکەم بێت، دەبێ لە خەڵکی شتێکی زیاد یان کەمم هەبێت، ئەی ئەوە نییە هەمیشە دایکم پێم دەڵێ وەکو خەڵکی رەفتار بکەم، ناچاریشم دەکات ختوکەی بدەم.. دەڵێم:

– مەتەڵ لە باند نووسینم ناو دچدە ناو تاریخ..

بەقەد دوو هەزار کیلۆ مەتر جرتێکم بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

– باوگ لە قنگ خۆد تاریخد بخۆد، خۆ شیرین و فەرهاد نینوسید؟

ناهەقیشی نییە، دەبێ لاپەڕەکانی ژێر دەستم لە خۆیانەوە بەهۆی ئاگری دەروونمەوە بسووتێن، هەر خەریکم بەرد فڕێ دەدەمە ناو دەریای نووسینەوە، بوونی من چ سوودێکی هەیە؟ هەتاکو دیوارەکانی ژوورەکەم لێم بێزار بن، ئەمەندە ئاخ و ئۆخ و سکالایان مژیوە، ئاوساون، لاپەڕەکانیشم ئاوسن و نووکی پێنووسەکەم بووەتە مامانیان، ئەم هەست و سۆزەش نازانم چۆن لەسەر دێرەکاندا ئارام دەگرن و نابنە قیری دۆزەخ؟ خۆم دووبارە دەکەمەوە، نازانم بەرەو چ زیندانێک هەنگاو بنێم؟ خۆ مەوداکان لە یەکدی دەچن، یەک ئەنجامیش وەکو مردن چاوەڕێم دەکات، ئەو هێڵە هاوتەریبانەش قەت لە یەکدی ناچن، چۆن درامایەکە؟ گالیلۆ درۆی کردووە هەتاوی حیزیش قەت عەرشەکەی بەجێ ناهێڵێت، مانگی قەحپەش لە هیچەوە چووەتە ناو مێژووی ئەدەبەوە، چی بکەم؟..

نووستم خۆم دایە باوشی مۆتەکانەوە، دەریای ئەو جۆرە مردنە کاتییانە دەمخنکێنێ، نووستم.. لەپڕ رۆژ هەڵهات و لە مۆتەکەیەک رزگار بووم، خێرا سێبەری نوێنەکەم پێچایەوە، چاوم بەرۆژنامەکانی

پێش رۆژێک کەوت، هاتەوە بیرم کە رۆژنامەکانی دوێنێم نەخوێندووەتەوە، دابەزیمە خوارەوە و کتلییەکم خستە سەر ئاگر و ریزم بۆ دەستشۆرەکە گرت و سوودی نەبوو، خەریک بوو میز بکەمە خۆما، سەرکەوتم و بەدیار رۆژنامە مردووەکانەوە دانیشتم، چاوم کەوتە سەر گۆشەیەک و یەکسەر پەنجەرەیەکم بۆ کرایەوە، بۆ ئەوەی لە رێیەوە سەیری گەردوون بکەم و سروشت نووسینێکی نوێم پێ ببەخشێ، تا بزانم بەرەو چ لایەک هەنگاوم ناوە و بەخۆمم نەزانیوە، چاوم بەچەند دێرێک کەوت کە بریتی بوون لە تانە و توانجی و دوور کەوتنەوە لە لۆجیک و رەخنە، قسەکانیش منی دەگرتەوە و منیشی نەدەگرتەوە بۆ لە هیچەوە گومان لە دڵمدا بڕوێنم؟

ئای بەم بەیانییە رۆژ سەرلەنوێ دەست پێ دەکات و دوێنێ لەگەڵ دوێنێدا توانەوە، بەڵام ئەم دێرە شیعرانە و ئەم شایش بەنرخزانینە دەبنە سابوون و ئاو و ئیتر رووم سوور دەبێتەوە، با هەستم و سەیری ئاوێنەکەم بکەم ئایا هیچ جۆرە تارمایی و گەردی خەونە ئاڵۆزەکانی دوێنێ شەوی لەسەر ماوە؟ با بەم وشە شیعرییانە ئاوێنەکەم بسرمەوە، ئاوی سەر ئاگرەکە دەکوڵێ، تەوژمی خوێنم بەرز و نزم دەبێتەوە، چۆن خوێنم لە فریزەرەکاندا نەمەیەنم، با فریزەرەکان چاوەکانم ببەستنەوە، هەست و دڵم دەبنە بەرد، با پەنجەرەکانی ژیان و نووسین لەسەر خۆم دابخەم و لە سووچێک یان فارگۆنێکی کارتۆنیدا خۆم مەڵاس بدەم و شەمەندەفەری مردن بۆ کوێ دەمبات با بمبات، هیچ نەبێ لە جەنجاڵیی ئەدەب و رۆژنامەگەری دوور دەکەومەوە و بایەکان یاری بەقژم نەکەن و لێوەکانم بەدەزووی مردن بدوورمەوە لە رووم نەیەت تەماشای ئاوێنەی وشە بکەم، دەبێ ئاو بەدەست بخۆمەوە

چونکە جامە ستیل و فافۆن و کریستاڵەکان بەلێومەوە ژەنگاوی دەبن.

تۆ بڵێی لاپەڕەکانیشم ژەنگاوی نەبووبن و ئاگام لە خۆم نەبووبێ و لافاوی ئەدەب بردبێتمی؟ بەڵام خانە و شانەکانی مێشکم ژەنگیان نەگرتووە، ئەو جۆرە پەت و یاریزانانەشم بەچاو دیوە و مەگەر خۆم بزانم تا چ ڕادەیەک پاڵەوانن، دۆشدامان و بەرگری لەخۆکردنی ناوێت کەس لەپڕ ناکەوێتە نێو تۆڕە تەلیسماوی و نایلۆنەکانەوە.. ڕاستە گیرفان بەتاڵی، مرۆڤ هان دەدا هەڵسێ بەکردەوەی ناڕەوا. بەڵام گیرفان پڕکردن بەبەردی وشە و دابەزینی ورە و زەوی کەسانی تری لە دوایە، لە هیچیشەوە چەند پەڵەیەکی ڕەش لەسەر نێوچەوانی دەریای ئەزموونەکان سەقامگیر دەبن. دەمامک هەیەو لە بۆنە ئاسایی و تایبەتییەکاندا لە ڕوو دەکرێت.

لە بیرم چوو تەماشای سەعاتەکەی دەستم بکەم. سێبەری نوێنەکەم ڕاخست و پەنجەرەکانم داخست و خۆم فڕێ دایە نێو دەریای مۆتەکانەوە، کاتێ کە بەخەبەر هاتم کاتژمێر هەشتی شەو بوو واتە دوازدە سەعات بەخۆمم نەزانیوە، تومەز مردووم و ئاگاییم قورمیش نەکراوە. چەند چەقۆیەک لە خۆیانەوە بەربوونە گیانم، جۆگەکانی خوێنم گریان، نەمزانی چۆن نەخشەی وێنە وشەکانم لەسەر زەویدا بکێشم. دەبێت لە دەربڕینی هەستم زۆر ڕاستگۆ بم ئەگینا درۆکردن لەگەڵ خودی خۆ تاسەر بەسەر ناچێ.. چیم بەبیر بێتەوە، قسەکانی "س":

– کچی مامم دەهێنم، کچێکی ئازاد و دڵپاکە، بەڵام تۆشم خۆش دەوێت، تۆ بیریت و یاداشت نیت. کە بۆ یەکەم جار هاتم بۆ ژوورەکەت شانامەت دەخوێندەوە، (ص)یش درۆی بۆ دەکردی، حەزم کرد رادیۆکە

لاڵ کەیت و نەموێرا لاڵی بکەم، پاش چەند ساتێک لاڵت کرد. خۆشم ویستی و خزایتە نێو بیرم، تا ئێستاش لە ناو دەریای خۆشەویستیتدا دەڕۆم، کاتێ کە یەکدی دەبینین، دەبینە یەک کەس، تێ بگە تۆ گەورەی منیت، ناتوانم هەستم دەرببڕم، تووشی "حلول و تانج" دەبم و کانیاوی داهێنانم دەتەقێتەوە و بەرەو ئاسمانێک باڵ دەگرم و هیچ تیرێک نامگاتێ، زۆر دەترسم حەز دەکەم سەرکەومە سەر ژیانی رۆژانەم، بەڵام لە ڕێی تۆوە. لە خەوما –پۆلیسەکان وەکو دارخورما دەچێنن، منیش خۆم بۆ خۆکوشتن ئامادە دەکرد، ڕەنگە سەرم هەڵبگرم و بڕۆم – بڕۆ.

لەسەر مێزەکەم گوڵدانێکی ڕەش سەما دەکات، حەز دەکەم بەشەقێک فڕێی بدەمە دەرەوە. بەشەقێک؟ ها.. من نامەوێ پێوەندیم لەگەڵ "N"دا نەمێنێ و خەونی ئەم دوو ساڵە ڕەشتر بێت و لەپڕ لە مێشکمدا بسڕدرێتەوە، تا ئێستاش نازانم خۆشم دەوێت یان نا، هەمیشە دەیوت:

– نامەوێ ببم بەبرات، چونکە لە براش دڵسۆزترم، تێ دەگەیت؟ پێوەندیم لەگەڵ ئامۆزاکەمدا پێوەندییەکی سروشتییە، دەمێکە خوازبێنم کردووە، تا ئێستاش هیچ جۆرە هەنگاوێکم بۆ نەناوە، واتە حەوت ساڵە دەستگیرانمە، بەڵام من بۆ ئەمە نەهاتووم، من خۆشمەوێی و وشە ناتوانێت بەرجەستەی هەست و خۆشەویستیم بکات، کاتی ژوانمان سەر دەکەوتمە سەر ئەو خۆشەویستییە کە کۆمەڵ ڕێی ناداتێ، بەئاسانی ئافرەتم دەست دەکەوێت و هەشت ساڵیشە بەڕۆژووم، زۆرم وت تۆش هەر بەبێدەنگی وەڵامم دەدەیتەوە.. دەڵێی چی؟

بەردەوام بە، هەگبەکەت بەتاڵ بکە.. من هەمیشە گوێگری تۆ بووم. دەمەوێت دەستنیشانی هەڵوێستی خۆت بکەیت، وەکو من راستگۆ بە. حەز دەکەم هەمیشە لەگەڵتدا بم و لەگەڵتدا بڕۆم و قسەت لەگەڵدا بکەم، هەموو کاتم لەگەڵتدا بەسەر بەرم، قەت هەست بەکات ناکەم. خۆشەویستەکەم.

کاتێ کە وتی: "خۆشەویستەکەم"، تاسام، ترسێکی سامناک چووە ناو دڵمەوە، ویستم وشەکە لەسەر لێوەکانی لەتوپەت بکەم، تفەکەم قووت دایەوە و نازانم بەئاوی چ وشەیەک دەروونم لە تۆران بشۆمەوە؟ تاوانی "ن"یش لە رۆمان ناسڕدرێتەوە، هەواڵی خۆشەویستیمان دەماودەم وەکو ڕووبار ڕۆیشت، تازە ناتوانین دەمی کەس بدوورینەوە، سەدساڵیش خۆمان دوورەپەرێز بگرین و گوێیەکانمان بەلۆکە بئاخنین، بڵێم چی؟ پەردەیەک لەمەڕ چاومدا هەیە ناتوانم لای بدەم، لکاوەتە بیلبیلەی چاوەکانمەوە، ئەگەر لای بدەم، دەزانم هەموو شتێک بەڕوونی دەبینم، ئەڵبەت وێنەی "ن"ش دەگۆڕدرێت و بێ ئارایش و دەمامک دەیبینم، ڕەنگە یەکێکمان تفێکی خەست لە ڕووی ئەوی دیمان بکات.

خۆشەویستی لە سەرەتادا بیرێکی هەنگوێنییە بۆ ماوەیەک هەر لێی دەخۆیت، ماچیش وەکو باران زەمینەکەی سەوز دەکات، نا، تەڕ دەکات و قاچەکانت دەخلیسکێن و لەپڕ دەمری، وردە وردە تامی هەنگوێنەکە تاڵ دەبێ و قوڕی خەیاڵ خەستتر دەبێتەوە و تف لە گەردوون دەکەیت، فیلمەکان لە ناو گڕی دەرووندا دەسووتێن، شوێنی ژوانەکانیش دەبنە شوێنەوار، ئەی پردە بزمارییەکان کە خوێنیان لێ دەبارێ و هەرەس دێنن، تف لە یەکدی و لە خۆیان دەکەن، ئەمەیە گرینگترین کۆڵەکە و

توانەوەی لە نێو تیزابێکدا دەبێتە دەریایەکی ڕەشی دۆزەخی و گەردوونی هیوا قووت دەدا، خۆشەویستی قەت نابێتە نانی ورد، دەتوانی فڕێیان بدەیتە ناو ڕووباری بێ ئومێدییەوە کە هیچ جۆرە ماسییەکی تێدا نییە، ئایا چارەنووسی ئەو لافاو و بەربەست و دیوار و دەرگە و پەنجەرە و خۆبەختکردنە چۆن دەبێت؟

با خۆم وەڵامی وشەکانم بدەمەوە، دەبنە خۆڵەمێش هەروەکو ئەنجامی نامەکان، هەر هەموویان دەبنە یادێکی قەترانی زۆر تاڵ، بەئەزموونێکی قەترانی تر دەسڕدرێنەوە، گۆشەگیری و دەرگە لەسەر خۆداخستن و خۆخواردنەوە دەبنە سێ ژەم هەتاکو تامی کولێرە و ئاویش دەگۆڕێت، ئەی شوێنەواری فرمێسک و ئاخ و داخ و ڕەنج و بێوەری و هەناسەساردی، چۆن دەبێت؟

"ن" ئاگای لەم وێنانە نییە، هەر خەریکی گونی خۆیەتی، درۆکانی وەکو گەڵای پایز گەڵاڵە دەبن و دەبنە شاخێک لە درۆ لە ناو لەپی دەستی ڕاستیدا وردوخاش دەبنەوە، مەینەتی دەبێتە مامان و خەونە ڕەش و سپییەکان لەبار دەبات، پەلکەزێڕینە و خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانیش لە پشت هەورە بۆرە تووڕەکانەوە خۆیان دەشارنەوە، قامچی تاریان دەکات و گرمەگرمیان دەبنە تڕ.

ئای لەو دەنگی خۆشەویستییە کە ئەنجامەکەی بەترێکی گەورە کۆتایی دێت، نا.. من تاقە کەسێکم و لەگەڵ "ن" نابینە یەک کەس، چونکە نێر و مێ نابنە یەک، بەڵکو هەزار تیر لە دەروونمدایە و هەر ڕۆژەی وێنەی یەکێکیان لەسەر پەردەی سینەمای ژیان بەڕوونی و ئاشکرایی دەبینم، ڕۆحم بووەتە گۆڕستانی تیرەکان کە زۆربەی زۆریشیان تووشی ئیفلیجی مێشک هاتبوون، هەزار مێ و نێرێکیش لە

دەروونی "ن"دان کە یەکدی دەبینن ساتەکانمان دەبنە کەر و ماکەر بازاڕی، ئیدی چەقۆکان بەبڕینی ماسوولکە و دەمارەکانم تیژ دەبن.

"ن" لە کوێیت؟ وەرە مەلە لە ناو دەریای فرمێسکی تاوانە بێ تاوانەکاندا بکە، ڕاستە دەریاکە خوێناوییە و دەخنکێی، بۆ لە دوورەوە دەست بەسمێڵە ڕەشەکەتدا دەهێنیت و بزەیەکی زۆڵ لەسەر لێوە قەیتانییەکانت دەنیشێتەوە، بەکلیلی ناوگەڵت دەرگەکانی خانەکانی مێشکت کردووەتەوە، برین- دەمار + خوێن = مردن..

هەمیشە کتێبێکی کراوە بووم و دەتخوێندمەوە، یەکە یەکە بورغووی هەست و نەستمت دەکردەوە و بەتوخمەکانت چەورت دەکردنەوە، ئای لەو دۆزەخەی کە ئێسقانەکانمی لە ناو ئاگردانی حەزە سەرپێییەکاندا زیندەبەچاڵ دەکرد چی بکەم؟ وا سەری خۆت هەڵدەگریت و منیش= هیچ.

دوو تەڵە مووی سەرت لە نێو لاپەڕەکانی تەمەنمدا بەجێ دەهێڵم و لە ئەنجامدا نابمە خۆم و ئەلبوومی وێنە جوانەکانم فڕێ دەدەیتە نێو دەریای پیسی ڕۆژئاواوە و منیش ناچارم وێنەکانت لەسەر دیواری زیندانەکانی ڕۆحمدا هەڵبواسم، دەتوانی دوو تەڵە مووی سپی سەرم ڕابکێشی و بیانسووتێنیت، چونکە قەت نەتزانیوە چەند فلیمی گریێنوک و سەرلێشێواو و دۆڕاو ململانێیان دەکرد و ئاخ، قەت جارێکی دی سەرم ناخەمە سەر شانەکانت وەکو هەڵۆ باڵ دەگریت؟

خۆ تا دوێنێ سیسرک و قالۆچە بووی، مەگەر کافکا بیتوانیایە وێنەت لەسەر پەردەکانی ڕۆژگار بکێشێت، تازە وەکو دوو ئەڵقەی زنجیرێک لە یەکدی ترازاین، بڕۆ با ئەم ئەزموونە قورسە وەکو میراتی و گالێسکە هەر بەدوامەوە بن، هەگبەی ژیانم پڕە لەم جۆرە میراتییانە

نە دەتوانم بیدەم بەشاندا و نە دەبنە سێبەر، یا.. سێبەرن هەزار و یەکێکن، بەڵام بستێکی خاکم دەست ناکەوێت بۆ ئەوەی شوێن گومیان بکەم، سێبەرەکانم منیان شوێن گوم کردووە و هاوکێشەکان ئاواهین:
مەرگ + دۆزەخ – خۆشەویستی = تۆ + کۆچ + نائومێدی..

من تاجێکم دەویست سەری نیشتمانی خۆشەویستیمی پێ برازێنمەوە کەچی مەوداکانی چوارچێوەی بیرە رەشەکانم تێک شکان و ماومەتەوە، هۆشیشم دەڵێی زریانە، دڵیشم بەلەمێکی کونە، وا خەریکە لە ناو دەریای نەبووندا سەنگی قورس دەبێ و نوقم دەبێ، بەڵام چاوەکانم بوونە پەرستگای پەناهەندەکان، تەنیا ئێسقانە وردوخاش بووەکانیشم نابنە دەرمانی ئاوارەکان، بەهەرحاڵ نووکی پێنووسەکەشم وەکو چەقۆ هەناومی بڕیوە.

هەست و نەست و ئاگایی نائاگاییم تووشی نەزیفێکی سەیر هاتوون، بەهەرحاڵ فلیمێک بوو و منیش ڕۆڵی ئەکتەرێکی سەیرم تێدا دەبینی، قەت دەمامکم لە ڕوو نەکرد، بەڵام تۆی دەرهێنەر زۆر پۆدرە و سپیاوت بەکار دەهێنا، ماکیاجچییەکی سەیر بووی، با بەنووکی پێنووسەکەم ئارایشتەکەم لە پێستی دەموچاوم بکەمەوە، زۆر ناشیرینم، بۆچی ئەمەندە سەرگەردان و ڕەشبینم؟ خۆشەویستی ئەزموونێکی بوومەلەرزەییە، هەموو کەسێک تامی دەکات، هەمیشە ئەمەندە قووڵە وەکو دەریا سەرتاسەری تەمەنی مرۆڤ قووت دەدا.

بەهەر حاڵ ئەم دوا ئەزموونەم بوو بەدووکەڵ و لەگەڵ کێشانی هەر جگەرەیەک ساتەکان دەبوونە تووتن و بەگڕێی چاوەکانم جگەرەکانم دادەگیرساند و.. و.. برۆ، بەڵام تەرمەکەت لە ناخی مندا بەجێ مەهێڵە، دەبێ بەشێوەیەکی دی خۆم لە ناو ئاوێنەی چیرۆکەکانمدا

ببینمەوە، ئەوە چییە، فرمێسک لە ئاسمانی چاوەکانمەوە دەبارێ، برِۆ.. ۆ ۆ ۆ..

بەیانییەکەی کە وەئاگا هاتمەوە، تەماشای بنمیچە ئاوێنە ئاساکەمم نەکرد، دەموچاویشم نەشۆرد، لە پەنجەرەکەوە تەماشای جادە چۆڵەکەم کرد، واتە دروشمەکەی تەلەفزیۆنی شەو لەسەر دیوارەکان نووسرابوو، باس چییە؟ نازانم، دووبارە و دوای ساڵێکی رەش دەنووسرێ:

"ئەمرۆ نابێت کەس هاتوچۆ بکات، رۆژی سەرژمێری گشتی دانیشتووانە".

یان چیرۆکەکانم خۆیان دووبارە دەکەنەوە، یان من زیادم و دەبێ لەناو بچم، خەونە ئاڵۆزەکانم لە یاد چوون، تەماشایەکی ژوورەکەمم کرد و زانیم ئیتر بۆم ناکرێت لە ژووری میواندا چەند لاپەرەیەک رەش بکەمەوە، دایکم لە رووی قەنەفە تازەکان دەترسێ نەوەک وشەکانم ببنە مەگەز و لەسەر کورسییەکان بنیشنەوە، لە رەنگی دیوارەکان دەترسێ نەوەک بە هەناسە دووکەڵاوییەکانم رەنگی دیوارەکان رەش بێت، لە پەردە تۆرِەکانی دەترسێت نەوەک بەگڕی خەمەکانم گوڵەکانیان گڕ بگرن و بووەرێن. نازانم لە کوێ دانیشم؟

دوو زرِتە بۆز لە ساڵۆنەکەدا، شەو و رۆژ راکشاون و خەریکی تەلەفون کردنن.. قۆڵم هەڵماڵی و خەریکی رێکخستنی شێوازی ژوورەکەم بووم، پەروانەکانی پانکە کۆنەکەش دەسوورێنەوە و لاپەرەکانم هەڵدەدەنەوە، کام لاپەرە؟ کام خۆم؟ کام ژوور؟ کام من؟ کام ئەو؟ کام ئەمان؟ کام ئەوان؟ کام کام کام؟

چاوم بەناونیشانی نووسینێکم کەوت کە بەر لە هەفتەیەک چەند لاپەڕەیەکم لێ ڕەش کردبووەوە و بۆ بڵاوکردنەوەش نەدەشیا، لە ڕقا پانکەکەم کوژاندەوە بۆ ئەوەی چاوم بەهەموو نووسینەکان نەکەوێت..

ئەمڕۆ ناتوانم دەموچاوم بۆیاغ بکەم و بەئارایشتی ڕەنگاوڕەنگ تەمەنم بشارمەوە، چەند ساڵێک تەمەنم دەگەڕێتەوە دواوە؟!.. ناشتوانم دەمامک لە ڕوو بکەم و بۆ دەرەوەی خۆم بەسەرگەردانییەوە هەنگاو دەنێم، بەرچاوم لێڵ بووە، وا خەریکە کوێر دەبم، نازانم سکاڵا بۆ چ دیوارێک بکەم.

هاوڕێکانم بوون بەخۆڵەمێش، منیش بوومەتە باوەشێن و خەریکن لە ئاسماندا بڵاو دەبنەوە، نازانم بۆ دەستبەردارم بوون، ئاخر تا کەی ئەم گۆشەگیری و خۆ خواردنەوەیە؟ نازانم ئەم مووچەخۆرە کە دێ و پرسیارم لێ دەکات چۆن وەڵامی بدەمەوە، لە دە ساڵی پێش ئێستاوە تا ئەمڕۆ ئاخر چیم بە چی کردووە؟ نە شۆستەکان وەکو خۆیانن و نە پشیلەی سەر دیوارەکان. وەکو بزمارێکی ژەنگاوی فڕێ دراومەتە ئەم قوڕنەیە، کە لە کۆڵی خۆیشم نابمەوە، دە ساڵی ڕەبەقە وڕێنە دەکەم، دە ساڵی ڕەبەقە مەینەتی بووەتە ژەمی ڕۆژانەم، ئەگەر بانگیان کردم بڵێم:

– هەم؟ ماوم؟

پرسیارەکان ئاساین، بەڵام نا، جانەوەرم، لەم جۆرە پرسیارانە نارەحەت دەبم، دەبێ بڵێم:

– تەمەنم "سی و شەست ساڵ"ە.

ڕەنگە تەمەنی نەوێت، تەنیا تەماشای پێناسنامەکەم بکات و هەندێ

ڕستە بنووسێت و بڕوات، شڵەژاوم، چۆن لەم ژووره تاریکەدا ئارام بگرم، ئەدەبم هەمووی بووەتە ئەدەبی تاکە نەناسراوەکان، ئاخر دە ساڵی ڕەبەق. بچمە کوێ؟ کەس لە دەرەوە نییە، تەنیام وەکو فەیروز، ڕادیۆ و وشەکەشم هەر باسی "سەدام حوسێن" دەکات، سێ چوار جار بان و خوارم کرد دایکم بینیمی و خێرا ڕستەکەی بەر لە دە ساڵی دووبارە کردەوە:

– چەدە گلاراو کردیدە؟

بەئەقڵی ئەو نابێ سەرگەردان بم، گلاراو بکەم، ئەی بۆچی باشم نووسین. وردە وردە خرۆکە سوورەکانی خوێنم دەمژێ، دایکم نەیزانی بۆچی شڵەژاوم، نازانێ دەمێکە دەستم لە نووسین هەڵگرتووە و ئەو نووسینانەش کە لەسەر مێزە زەردەکەمە تەنیا ڕەشکردنەوەی لاپەڕە سپییەکانی ژێر دەستمن، وەڵامی دایکم نەدایەوە، چەند لاپەڕەیەکم لە ڕۆمانێکی مارکیز خوێندەوە، تاقەتم چوو، مارکیز قەت نەبووە بەمەڵحەمی برینە خوێناوییەکانم، ئەو توانجەی دایکم نەبێ، قەت نابم بەنووسەر، قسەکانی تیرن وەکو چەند بزمارێکی ژەنگاوی دەیانچەقێنێتە چاو و جەرگمەوە. نازانم بۆ بوومەتە نێچیری ئەم ئافرەتە؟ شیری داومەتێ کەچی، دەزانم لە مناڵیمدا گریاوم و قەت فرمێسکەکانمی نەسڕیوەتەوە، خۆزگەم بەو کەسانەی کە بەبێ دایک لە دایک دەبن.. کاغەز و کتێبەکانمی پەرت و بڵاو کردووەتەوە، هەر بەمن دەوێرێ، چەند دۆشەکێک و چەند سەرینێکی لەسەر مێزە گەورەکە قەد کردووە. دەترسێ بۆنی جگەرە بگرن. کە هەڕەشەم لێ کرد و وتم:

– ئاگر دەمە پێخەفەگاند.

بەوپەڕی بێ دەربەستییەوە نەڕاندی:

– منیش ئاگر دەمە گیاند.

لە نوێنەکانی دەترسێ نەوەک دووکەڵی جگەرەکەم لە نێوانیاندا بخەوێت. ئەڵبەتە لە سیپەکانم ناترسێت کە بوونەتە دوو شاخی قەترانی، نرخی نووسینێکیشم ناگاتە نرخی دۆشەکێکی و هەمیشە دەیڕێسێ:

– بوومە قوربان خوا، دوێت عالەم گشتیان ئاخر هاوردنە بەس تن کەفتیدەسە دویا، هەروەک میز حوشتر، ئاخرشەڕ بیە، بەیانی دو بەیانی لە وەردەم ماڵ قایمقام بت ئەرادکەن، مەلویچگەگان ڕیقنە کەنە بان سەرد، ئاخر دڵد وە چە خۆشە؟

دەزانێت نووسین بۆ من هیچ سوودێکی نییە، تەنیا خەمەکانم زۆرتر دەکات، ئەگەر وەڵامی بدەمەوە ئەوا لە ژێر قەرەوێڵە شکاوەکەمەوە جووتە پێڵاوە کۆنەکەم دەردەکات و لە بەرچاوە کزەکانمەوە بەرزیان دەکاتەوە و دەڵێت:

– هە، ئەیە سەرمایەوە، خوا گیاند بسیند وە چ ڕوییگ زواندت دریژە؟

دەبێت زووخاو قوت بدەمەوە و پارەی ڕەنج بدەمە دووکەڵ و سەرلەنوێ بەکزی و مەلوولییەوە بەدیار مێزەکەمەوە دانیشم و خەمەکانم بەسەر وشەکانمدا دابەش بکەمەوە. جنێوەکانی دایکم دەبنە هەزار مین و لە گۆڕەپانی دڵمدا لەپڕ دەتەقنەوە ئاسۆی بیرم تەسک دەبێت و زمانم تەتەڵە دەکات و لاپەڕەکانم دڵم دەدەنەوە و دەملاوێننەوە، چەند دێڕێک لە بەرچاوم تێ دەپەڕن.

– نووسین بۆ گەل سوودی هەیە.

– نووسەر سامانێکی نەتەوایەتییە.

– هەڵوێست و شارستانییە.

– نووسەر گەواهی سەردەمی خۆیەتی.

ناچار دەبم گاڵتە بەخۆم بکەم و لەم ژوورەدا کە بەگەڵای زەردی لاولاو پەنجەرەکەی داپۆشراوە و ئاسمان نابینێت و دەرگەکەی داخراوە، دیسان ناچار دەبم دان بەخۆمدا بگرم و لەگەڵ دیوارەکاندا بدوێم. گەڵا زەردە وشک هەڵهاتووەکانیش دەوەرێنە سەر نوێنەکەم، تەڵە مووە سپییەکانی قژیشم دەوەرێنە سەر شانەکانم، بای پایزی تەمەنیشم لاپەڕەکانی ژێر دەستم هەڵدەداتەوە. ئەم سینگە ڕووتەش بەرگەی تیری ڕۆژگاری گرتووە و پێستی پشتیشم نەخشەکانی خۆی ناگۆڕێت، دەمێنم تەنیا خۆم و ڕەشماڵی نێوچەوانم.

ناونیشانەکانی هەواڵەکانی دەروونە گڕ گرتووەکەم بوونەتە چەند پارچە شیعرێک و لکاونەتە قەد هێڵەکانی نێوچەوانمەوە، هەوڵ دەدەم بە تەباشیری سپی ئەم شیعرانە لەسەر نێوچەوانی نووسەرانی کورد بنووسمەوە، ڕەنگە حەزیشم کردبێ تەباشیرەکەم ڕەش بێت و چەند دڵۆپە خوێنێکی ڕەشیش بەسەر سینگە ڕووتەکەمدا بتکێنەوە.

بەداخەوە دایکم ئەم دیمەنە سامناکانە نابینێت، بەوردی سەرنج لە گەردنم دەدا و لە پاڵیشیا تانەیەک:

– ملوانگەگەت گوم کردیدە، خوا زاند لە چماڵیگ وەجێ هیشتیدە، هوش لە لای خۆد نەمایە هەی (...)ە.

تانەی ملوانکەکەم لێ دەدا، خۆشم نازانم تا چەند جار ملوانکەی دڕکاوی لە ملم کراوە و لە نوێنی چ شەوێکی شوومدا ون بوون.

هەمیشە ملوانکەم لێ دەبێتە پەت و گوریس و ملم جەڕ دەدەن. ئنجا کەی ملم ماوە، رۆژی هەزار جار خۆم لە سێدارە دەدەم، تەوژمی خوێنیش بەرەو سەرم لافاو دەکات، وشەکانیشم دەبنە کفن و لوولم دەدەن و دەئاڵێنە قورگم و جەڕی دەدەن، چاوەکانم زەق دەبن و زمانم دوو گەز دێتە دەر و دەمم کەف دەکات و هەناسەم لە نێو پەراسووەکانمدا پەنگ دەخواتەوە و دڵم دەردەچێت هەروەکو کۆترێکی سەربڕراو هەڵدەفڕێ و دەکەوێ.

بەهەر حاڵ نەمزانی خەریکی چی بووم و ئەو رۆژە لەپڕ گوێیەکانم پڕ بوون لە شەپۆلی دەنگ، زانیم کادیری رۆژژمێرییەکەیە، ناچار بووم دەنگی ڕادیۆکەم کز بکەمەوە، لە خوارەوە هاوارێکیان کرد.

دەنگێکی تر لە کونی دەرگەی ژوورەکەمەوە هاتە بەرگوێم.

وەرە خۆ لە ئێمە باشتر نیت، ئێمە باشترین، تکایە وەڵامی ژمێریارەکە بدەرەوە (....) هاتە ژوورێ و بەخێرهاتنیان کرد، باش بوو کچ بوو، هیچ جۆرە پرسیارێکی نەکرد، لیستەکانی دەستی پڕکرابوونەوە هەموو زانیارییەک بەنائاشکرایی، لەسەری نووسرابوون، لێیدا و رۆیشت و لیستەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، کە دەرگەکەیان داخست زمانە کولەکەم سێ گەز درێژ بووبوو، ئاگام لە خۆم نەماو دەمم بووە تەڵەی تەقیو، هەر ئەوەندە دێتە یادم:

– "من من من چاک دەزانم وەڵامتان بدەمەوە ئەی ئێوە؟ زمانتان لە کوێیە و کێی؟".

هەموویان بێدەنگ بوون، دەنگی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیان بەرز کردەوە و کەس گوێی بەتووڕەبوون و هەڵچوونم نەدا، پەلەپەل

سەرکەوتمە ژوورەکەمەوە و چاویلکەکەم لە چاو کرد و بەمەقەسی زمان دەزووەکانی لاولاوەکەیم قرتاند و هەموو گەڵاکان بارینە ناو باخچەکانەوە و تیشکی هەتاو ژوورەکەمی رۆشن کردەوە. گەڵا و لق و پۆپەکان کەوتنە سەر سەر و شانی دایکم و لە خوارەوە نەڕاندی:

– شێت بیدە، ئاگر چێسە گیاند، ئارامد بریاس، گلاراو کردیدە؟ ئەرای چە ئەی لاولاوە نازارە کوت کوت کردیدە؟

کاغەز و پێنووسم هێنا و هەیتا هەیتا بەربوومە گیانی نوێنەکانییەوە.. مێزەکەم ڕاکێشا و دەستم کردە نووسین. نەمزانی بۆچی ئاگاییم ئەوەندە شڵەژاوە، کە دایکم بۆ جل هەڵخستن سەرکەوت و ئاوڕێکی دایەوە، بینی نوێنەکانی لەسەر ئەرزا بێ ناز کەوتوون و بەسەر یەکدا کەوتوون، جلە تەڕەکانی لە دەستی بەربوونە سەرزەوی و بەحەپەساوییەوە سەری کردە ژوورەکەمەوە و نەڕاندی:

– تن تن هەی (...)ە

– دەسم خۆش بوود

سەری لێ شێوا و نەیزانی چی بکات، منیش خۆم تێک نەدا و بەبەردەوامی وشەم دەخستە سەر کاغەز و تێکەڵی مەرەکەبە ڕەشەکەم بووبووم و لەپڕ پێڵاوێک زرم بەر سینگم کەوت، دڵمی لە لێدان خست ئیتر بەوەش نەوەستا، بەگسک و دارو بەرد و نەعلی لاستیک بەر بووە گیانم، منیش هیچ خۆم تێک نەدا و بەهێمنییەوە ئەو شتانەم لەسەر مێزەکەم لابرد و خستمنە سەر نوێنەکان، زۆر نیگەران بووم دووبارە لە دۆڵابە ڕەشەکەدا قەدم کردن و شاردمنەوە، دەرگەی ژوورەکەمم کلیل کرد و دابەزیمە خوارەوە ڕووم لە باخچەکەمان کرد، چەند

هەنگاوێکم بەرەو لاولاوەکە نا:

– خـەتای مـن نەبوو، حـەز ناکـەم پەلامـاری پەنجـەرەکـەم بدرێ. لە کوێدا خۆت هەڵدەواسیت؟ کەیفی خۆتە و سەرپشک بە، بەڵام وەکو مار خـۆت مـەئاڵێنە قـەد پەنجـەرەکـەمـەوە، لەمـەودوا گـەڵا وەریوەکـانی تەمـەنیـشم دەمـاڵم، ئێـوە لە بەهاراندا سـەوز دەبنەوە کـەچی گـەڵا وەریوەکانی تەمەنم لە نێو تەنەکەی خۆڵەکەدا دەخەون وردوخاش دەبن. هەروەهـاش لە بەهـاراندا گـەڵاکـانی ئایندەم ڕەش دەبنـەوە و لە نێـو دڵمدا دەیانشـارمەوە. دڵم بووەتە قاسـەی لاپەڕە نهێنییەکانم، هەموو خەونە ئاڵۆزەکانمی تێیدا شاردووەتەوە، ئیتر بۆم مەگرین و لەسـەر سازی مردنم شیوەن مەکەن، بەڵکو سەما بکەن. ئێستا دایکم لەسەر پەنجەرەی گۆڕەکەمدا هەڵتان دەواسێت. نامەوێ بەشەو دڵی تەنیاییم بدەنـەوە، لاواندنەوەشـتـانم نـاوێت، مـن شـەیدای وشـەیەکی وەریوم، وشـەکانم؟ چییانە؟ نازانم ئاوی چاوەکانم دەمژن یان خوێنی دڵم؟ لێم تۆرابوون و لە ژێر سێبەری ئێوەدا خۆیان دەشاردەوە، خۆیان لە هەتاو دەدزی.

گوێ بگرن، ئەمڕۆ تەنیام، لە کەناری دەریاکاندا زۆر چاوەڕێم کرد کـەچی کەس نەهـات، چاوەڕێی هەواڵم کـرد، چاوەڕێی هیـوا و هەتاوم کرد کەچی شـەپۆلەکانی دەریا هێرشیان دەبردە سەر ئاسمانی خەونە وەریوەکانم، ببوورن، یەکە یەکـە ڕازی دڵی خۆتانم بۆ هەڵڕێژن، مات مـەبن، سـەگبـابینە بۆچی دەگـرین؟ من کـەسم نـاوێت خـۆی بەمندا هەڵواسـێت و بمبـەسـتێـتـەوە، بۆچی تەمـاشـام دەکـەن؟ نامـەوێت، مەمپارێزن، ڕاهـاتوومەتە سـەر گەرمی و زریان و تۆفانی ژیان، قـەت نـاتوێمـەوە، لە خـۆشـەویسـتـیـشـەوە ملیـار هـەنگاو دوورم،

خۆشەویستەکەی جارانم دەمێکە مردووە و ئێسقانەکانی بوونەتە خۆڵ، نەمزانی چی بەسەر هات و بۆچی کتوپڕ دڵی لە لێدان کەوت، تەنیایی سێبەری منە و سێبەری ئێوەم ناوێت.

شەوانیش رادیۆکەم لاڵ دەبێت و لە گۆڕەکەیەوە هیچ جۆرە هەواڵێکم بۆ ڕەوانە ناکات. کێ دەڵێ مردووە. هێشتا پەیکەرەکەی لە دڵمدایە و کڕنوشی بۆ دەبەم و بەفرمێسکەکانم چاوە جوانەکانی دەڕێژم و تاوانەکانمان وەکو پرچ دەهۆنمەوە و دەیانکەم بەمورووی ملوانکە، ئەی کەزییەکان؟ کەس نازانێ لە کوێن؟ نازانم چییان لێ هات، چۆلەکەکان دوێنێ شەو وتیان:

– کەزییەکانت لە شاخەکانی کوردستاندا بوونەتە ڕەشماڵی پێشمەرگەکان.

کۆترەکانیش وتیان:

– کەس سەری نەتاشیوی، کەسیش ئاوێنەی بۆ ئامادە نەکردووی، کەزییەکانت لە ئاسماندان، بۆ سەری تۆ دەگرین.

باڵەکانم شکاون و لە قەفەزی رۆژگار و شەوگاردا بەند کراون. ڕەگەکانم چەقیونەتە نێو خاکی نەبوونەوە و خۆشم نە لەسەر زەوی و نە لە ئاسماندام، ئەمڕۆ هەرچی زام و دومەڵم هەیە تەقینەوە و بوون بەدەریایەک لە زووخاو، ئەوەی لە ناو ئەم دەریایەدا مەلە بکات خاوێن دەبێتەوە. خوێن و چڵک دەبنە سەوڵ و بەداخەوە هەست و نەستم قیبلەنوماکەیان ون کردووەتەوە، تا ئێستاش بەرەو ئاسمان هەنگاو دەنێم، ناشزانم چی لە جێ و شوێنی هەنگاوە کۆنەکانم بکەم، بەڕای من هەنگاوە کۆنەکانم بوونەتە سەرمایەی حەرزەتی عیسا وا خەریکە

کۆیان دەکاتەوە و بڕوا ناکەم بیانکاتە بەرد. هەست دەکەم بەتەمایە بیانکاتە چەند ئەستێرەیەک و فڕێیان دەداتە سەر شانە قورسەکانم.

وا خەریکە دەبمە جەنەراڵی ژان و گوناھ و هەنگاوەکانیشم سەربەست، مەقەسی سەرنجەکانم بالای دوژمنەکانمە، تازە من و مەسیح بڕیاری خۆمان داوە، وەرن یەکە یەکە بەهەموو خراپی و ڕووڕەشییەکەوە لە نێو دەریای بیلبیلەی چاوەکانما مەلە بکەن، پاک ببنەوە، دەریای بیلبیلەکانم وا خەریکن وەکو ئەڵوەن لافاو دەکەن، ڕەنگە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕامالێت، ئا لە خەوما لە زستانی ڕابردوودا کاتێ کە ئەڵوەن لەپڕ لافاوی کرد، خۆشەویستەکەمی لەگەڵ خۆیدا برد. منیش لەپڕ گیانم دەرچوو، ماسییەکانی ئەڵوەن قووتیان نەدام وتیان:

– گۆشتت تاڵە تاڵە تاڵ..

بۆیە شەپۆلە تووڕەکان جەستەکەمیان فڕێدایە سەر کەنار، تەنیا هەمەنگوای ئەمبوولانسم بوو، کەس جەستە پووکەکەمی هەڵنەگرت، کەس نەیبردمە گۆڕستانی پاشاکۆپری، کەسیش نزیکی کەنار و ئەڵوەن نەبووەوە، سەگ و پشیلەکانی خانەقینیش لە دوورەوە بۆنیان دەکردم، نەیانوێرا گۆشت و ئێسقانەکانم بخۆن، هەمەنگوای ئاگردانێکی بۆ کردمەوە و وتی:

– دەبێ وەک گەورە ئافرەتێکی هیندی بسووتێی و خۆڵەمێشەکەت فڕێ بدەمە سەر شەپۆلەکانی ئەڵوەنەوە.

وتیشی:

– قەت مردنێکی ئاسایی نامریت، ئا لەو ڕۆژەدا حەتمەن ئاسمان لە

زەوی دەتۆرێت، نەزار قەبانیش لە گۆڕەکەی دەردەچێ و هەموو وشەکانیت بۆ دەکاتە گوڵ و دەیانبارێنێتە سەر مەم و نێوچەوان و ناوکتەوە، ئا لەو رۆژەدا هەموو درەختەکانی جیهان گەڵاکانیان دەوەرێنن، پێ بکەنە، چونکە تۆ شەهیدی کلیلێک بووی کە هیچ دەرگەیەکت پێ نەکردەوە، بەردەکان دەبوونە رێگرت، نەتدەتوانی هەنگاو بنێی.

کەشتیی تەمەنم لە هیچ وێسگایەکدا ئارامی نەگرت، گلاراوی کردبوو، بێ سەوڵ، بێ سالۆڕ، بێ نەخشە و قیبلەنوما بەرەو بیابانە دڕکاوییەکان باڵی دەگرت. گیانم بەش بەش و پارچە پارچە دەبێ، دەست و پەنجە و قاچ و گوێیەکانم لە یەکدی دەترازێن، ئای کە مردنێکی جوانە، هەر پەلێکم دەدرێتە سەر ترۆپکێکی شاخەکانی کوردستان، بەڵام وا خەو دەبینم کە لە ژێر سێبەری سنۆبەرەکاندا پارچەکانی لەشم زیندوو دەبنەوە و گۆرانی دەچڕن، مەلانێک بەخوێندنەوەی تایبەتی خۆیان نوێژ بۆ خودێک دەکەن کە لە خودی خۆیان زۆر گەورەترە، تۆ بڵێ ببمە زەرادەشتی دووەم؟ خەیاڵم خاوە، ها!

ئێوەش بەزیندوویی دەمێننەوە و دەبنە رەشماڵی تاوانبارانی مێژوو، بمێننەوە، پەردە تۆڕە سپییەکەی دایکم داتان دەپۆشێت و بارانی شۆڕشەکەی ناخم قەت لەکەداری ناکات، قەت پەڵەکانی شۆڕشی برینە هەڵچووەکانم نابنە نەخشەی ئەو پەردە تۆڕە سپییە، کە ئێستا دەکاتە تارای زەمەنی. تاراکەی دایکم تا دێ ڕەش و ئەستوور دەبێ، دایکیشم ڕازی نابێ جەستە مردووەکەمی پێ داپۆشێت، خەونەکانی دایکم پووچەڵ بوونەوە، خۆیشی نازانێ بۆ چی دەژی، پەنجەرەکانی

زەمەنی داخستووە و چاوەڕێی نائومێدی دەکات، کەچی پەنجەرەکانی داهاتووە بەفرینەکەی من هەمیشە بێ پەردەن و بەرەڵڵان، شووشەکانیان شکاون و کۆترەکان غەوس و کازمیەن و ئەبو حەنیفە سەردانم دەکەن و لەسەر شانەکانم دەنیشنەوە، منیش خڕۆکە سو،رەکانی خوێنمیان بۆ دەکەمە دەنکە گەنم.

لەپەکانم ئارامگای کۆترەکانمن، لەپەکانم وا خەریکن دەبنە ئاسمان، ئاسۆیان فراوان دەبێ، تۆ بڵێی نەبووبێتم بەسۆفی لەسەر بناخەی شەریعەتی خۆم؟ حەلاج بۆم دەگری، جونەیدی بەغدادی دەفم بۆ لێ دەدا. بوشرا پێ پەتی بەچواردەورمدا دەخولێتەوە و مەولانە جەلالەدینی رۆمی گۆرِم بۆ هەڵدەکەنێ، خەیاڵم خاو نییە، خەتای چاویلکەکانیشم نییە، خەتای لاپەڕە سپییەکانمە دڵم دەدەنەوە و ئالاّی سووری نووسینم بۆ هەڵدەگرن و تا سەیری جەستەکەم بکات.

حەزیش دەکەم تیشکی هەتاو سەر بدا لە پاڵەوانە مردووەکانم، دۆلابەکەم بووەتە گۆڕستانی رۆمان، تەنیا کوردستان موکریانی دەرگەکانی دەکاتەوە و ئومێدی بلاوکردنەوەیانم پێ دەبەخشێ، هەتاو لە ئاسماندا دەبینم کەچی باران دەبارێ و لە ژێر چەتری وشەدا وەکو چۆلەکەیەکی بریندار لە ناو هێلانەی بێ دەسەلاتیدا دەنووکم نزیکی بەرد و چەوەکانی تەمەن دەبێتەوە و وا خەریکە گیان دەبەخشمە نمەی باران و تیشکی هەتاو، بەئاگری جگەرەکەم هێلانەکەم دەکەنە ئاگردان، نەخێر، هێلانەکەم وا خەریکە دەبێتە کەشتییەکی ئاسمانی، وا خەریکم دووبارە باڵ دەگرم و بەتەمام سەرێک لە مانگ بدەمەوە.

مانگ هەمیشە چاوەڕێم دەکات دوو پەریی لەسەر شانەکانم داناوە لە قەدەر و ئاگردانەکانم دوورم دەخەنەوە، چی دەڵێم؟ نازانم، بێهۆشی

دەرمـانمە، ئا دوێنێ ئێـوارەش باران سـەری تەڕ کـردم، بەکـزییـەوە ڕاوەسـتـابووم و سـووچێکم لە بازاڕدا داگیـر کـردبوو، سـەر و قـژم زۆر تەڕ بوون، ڕام کرد و کەوتم، باش بوو شۆفێرەکە زیرەک بوو، لای دا و نەیشـێلام ئەگـینا دەبوومـە قـۆچی قـوربانی دووکـەڵ، زۆر گـەڕام و جگەرەم هـەر دەست نەکـەوت، ئاگـام لە خـۆم نەبوو، نـەمزانـی چۆن لە جادەکە بپـەڕمەوە، خەریک بوو ببمە قۆچی قـوربانـی دووکەڵ، بەتەماش بووم گەڵا وەریوەکانتان بژمێرم.

با منیش ببـمە ژمـێریاری ئەزمـوونە ڕەشـەکانتان، خـۆ ئێوە بەلـۆکەی زوخـاو برین تیـمار دەکەن، بـەخەڵووزی هـاڕدراو ڕووی مەعریفـە ڕەش دەکەنـەوە و بەپشـقـل بەردەبارانی خـەڵک دەکـەن، وەکـو کولله و مـێش دێنە بەرچـاوم، بە تەباشـیـری مـردن ژیاننـامـەم دەنووسـن، ناچار دەبم مـەرقەسـەکەم بخـەمە نێـو دوو تۆیی ئینجیلەوە، من وەکو ڕاهیـباتەکان بەرەو بەهـەشتی عیسـا هـەنگاو نانێم، عیسـا خۆی دێتـە لام، بەتایبەتی شـەوان، گڵـۆپەکانم بۆ هـەڵدەکات و جگەرەم لەگەڵدا دەکێشێت، ئێمـە فـێـرین بەهـەردووکـمـان نەفـەس لە یـەک جگەرە بدەین، ئـەو دەست پێ دەکات و منیش کۆتایی پێ دەهێنم و ئاغزە جگەرەکە فڕێ دەدەمـە ناو تەپڵەکی تاوانەوە.

لەپڕیش مـوسـا لە دەرگـەی ژوورەکـەم دەدا و باسـی گفـتوگـۆی نێـوان خۆی و خوام بۆ دەکات. ئنجا بەیەکەوە دەڵێن و پرسیارم لێ دەکەن:

– ئایا کورد چەند پیاوی جوانی هـەیە؟

منیش دەڵێم:

– بۆچی کـورد ژنی جـوانی هـەیە تـاکـو پیـاوێکی جـوان بزایەنێت،

پیاوێکی پەیامبەری لێ ببێ، کورد، سەرمایەکەی تەنیا بریتییە لە چەند شاخێکی جوان و چەند کانی و وردە ماسی و درەخت و دەریاچەیەک، کورد لە دێرزەمانەوە ئیفلاسی کردووە و بەکرێگیراوان کەشتییەکەی بەرەو دۆزەخ بەڕێوە دەبەن. کورد ئەمەندە سیاسەتمەداری هەیە ئەوەندە روناکبیر و فەیلەسوفی نییە و و و...

من و عیسا، تاوانەکانتان یەکە یەکە دەژمێرین، کۆیان دەکەینەوە و وەکو تۆپەڵی ئاغزە جگەرە فڕێیان دەدەینە ناو تەنەکەی خۆڵی مێژووەوە، کەچی لە هەموو وەرزەکاندا منێکی پێ بەردەباران دەکەن، ئای لە ڕووڕەشیی ئێوە، لە ڕووزەردیی ئەو دەمامکانە کە لە ڕووی دەکەن، وەرزەکان هەمیشە ئارامتان پێ دەبەخشن، ئێوەیان خۆش دەوێ، وەکو گەڵاکانی پایزیش ڕووتان قەت زەرد نابنەوە کەچی کاتێک کە پاڵەوانەکانم سەوز دەبنەوە تفێکی خەست لە ڕووم دەکەن.

ماندووم وا خەریکە دایکم لە ژوورەکەم دەرم دەکات، نازانێت وا خەریکە دەبمە شەخس و شوو بەخدری زیندە دەکەم. ئەمیش هەموو ئێوارەیەک کلیلی مرۆڤایەتیم پێ دەبەخشێ، منیش بەو کلیلە هەموو دەرگەکانی جیهان دەکەمەوە، کەچی لەپڕ رابیعەی عەدەویە لە دەرگەم دەدا و بارە قورسەکەی سەر شانی فڕێ دەداتە سەر ئەو مێزە شکاوەی کە بۆ نووسین بەکاری دەهێنم. میوانەکانم و جێمس جۆیس هەموو شەوێک لە کاتژمێری هەشتدا دێنە ژوورەکەم و چاویلکەکەم لە چاو دەکەم و یاریی تۆپە شووشەییەکانی هێرمان هێسەی پێ دەخوێنمەوە، ئیدی چۆن ئەم یادە کۆنانە کە لە خوێن و مێشکمدان بسڕمەوە؟

هەموو شەوێک لە "شهر العسل"دام لەگەڵ ژاندا.. ژان دەبێ بەزاوا و

منیش دەبمە بووکێکی یاخی، ئیغتیسابم دەکات و ناچار دەبم گانی بدەمێ، سکیشم بەزووخاو و نائومێدی پڕ دەکات و وەکو قیر دەرگەی ناخم قەپات دەکات و کلیلی پەنجەرە و دەرگەکانی دەروونم لە ژێر سەرینی شەیتاندا دەشارێتەوە. دەڵێم:

– مێشکی مرۆڤ دەرهێنەرێکی گەورەیە.

مارکس دەڵێ:

– مرۆڤ بەرزترین سەرمایەیە.

فۆکۆش دەڵێ:

– مرۆڤ مرد..

منیش دەڵێم:

– ئەگەر خوێن نەوت بوایە، هەموو رۆژێ خۆی لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشت.

منیش وا خەریکە میز دەکەمە ژێر خۆم، تەنگاوم، هیچ تەوالێتێک بەرگەی لافاوی میزی خوێناویم ناگرێ، تۆراوم لە گەردوون و میزم هەراسانم دەکات، دەبا بیکەمە خۆمدا، ئۆخەی، لەم ژووره زیندانەدا سەربەستم، بەندیخانەیەکی تاقە کەسییە و وێنەی ئەلبێر کامۆش لەسەر دیوارەکەیەتی، ئەلبێر کامۆش سەرنج دەدا چۆن دەرپێکەم دادەکەنم لە لێوەکانییەوە، ئەم رستەیە دەبارێ:

– تۆ بەبێهوودەیی دەرپێ دادەکەنیت، دەرپێکەی تۆ لە بەردەکەی سیزیف دەچێ، قەت ناگەیتە لەزەتی سێکس و پەردەی کچێنیشت وا خەریکە دەبێتە ڕەشماڵی پیاوە ناوگەڵ برسییەکان. من بۆ تۆ دەگریم و گەواهی دەستپەڕەکانتم. من پیاوێکی جوان بووم، بۆچی شەوێک

دەسـتـپـەڕم لەسـەر ناکەیت؟ یادێک یان مـاچێک دەکەیتە هەزار فلیم و چاوەکانت بوون بەکامـێرا و زۆر بـایەخ دەدەنە ڕەنگی ئەو یادە تاڵانەی کە لە یادەوەریتدا وەکو سووژن خانەکانی مێشکت دەرزیئاژەن دەکەن. کـەچی ڕەنگی یادە ڕەنگاوڕەنگەکـانیـشت بۆت دەکـاتە ڕەنگی ڕەشی قـەترانی و ئیدی کـامێرای یادەکانت لـەسـەر پەردەی نێوچەوانت فلیمـە ناشـرینەکـانی نەسـتت پێشـان دەدا. ڕادیۆ ڕەشـەکـەشت هـەواڵەکـان تێکەڵی خـوێن دەکـات و لەسـەر تەڵەکـانی مـێـشکت هـەڵیـان دەخـات، یەکـەم هـەواڵ باسـی سـنووری نێـو دەوڵـەتان دەکـات، بـەلای تۆشـەوە خۆشەویستیت بۆ نیشتمان بێ سنوورە.

من دەزانم سـنوورەکـان چۆن کـێـشـراون و بۆچی و بە چ ڕەنگێک هەمـوو ڕۆژێ بۆیاغ دەکرێنەوە. ئەم جۆرە زانیـارییـانە دەمـورووژێنێت، منیش بەفـرمـێسک سنووری مـرۆڤەکانی دەوروبەر دەکێشم، لە نێوان هـەر مـرۆڤێک و مـرۆڤێکی تردا دەریـا و ئۆقیـانووسێک لـە فرمـێـسک هەیە. دەمـێکە نەخشـەی سنووری خـۆمم کێـشـاوە و ئەو کـەسـەی کە گـۆی زەمـین دەسـووڕێنێت و ڕووناکی و تاریکی بەسـەر دەریا و کـانی و ئۆقـیـانووسـەکـاندا دابەش دەکـات، سـێـبـەری منە و خـۆی وەڵامـی پرسـیاری سـەیر و سـەمەرەکـانی ئێوە دەداتەوە، پرسـیـارەکانتان سـەر سوڕهێنەرن، سـووژن و بزمار و چەقۆیان لێ دەبارێ، ئەی ئەگـەر گـۆی زەمـین لـە چەپـەوە بۆ ڕاست سـووڕایەوە، چی بەسـەر دێ؟ حـەتمەن سنوورەکانتـان تێکەڵی یەکدی دەبن و ئیدی جـەنگی جیـهانـی سێیـەم بەرپا نابێت.

سـێبـەری درەختی باخچەکەم وەڵامم ناداتەوە، سـەر با دەدا و پان و تەسک دەبێت و هـەندێ جـاریش باریک دەبێت و هـەروەکـو پـەت و مـار

پەلاماری ملم دەدا. بۆچی سێبەر نابێتە ئاو؟ ئەی بۆچی وشە لە قوڕ دەچێت؟ مارکس بەگوێمدا دەچرپێنێ و دەڵێ:

– تەنیا بۆ خۆت لە ژێر سێبەری وڕێنەتدا بخەوە و مافت بەسەر درەختی هیچ کەسێکەوە نەبێ.

– چۆن؟ ئەی کێ میوەی درەختەکان بخوات؟ وشەکانم ڕەنگدانەوەی باڵی چۆلەکەکانیان نین، ئەی چاوی ماسییەکان؟ بۆ بوونەتە قولاپ و دڵە مردووەکەمیان کردووەتە تۆڕی ڕاوچییەکانی ئەزموونە ژانگرتووەکانەوە.

دڵم گیر هاتووە، نە سینگم بەجێ دەهێڵێ و نە لە جێی خۆیدا لە لێدان دەکەوێ. هاتوچۆ دەکەن و دووبارە و هەزاربارە دەبنەوە. ماسییە سوورەکانی خەونەکانیشم وا خەریکن باڵ دەگرن، وا دەزانن مووە سپییەکانی سەرم گەڵان و منیش ڕام ناکرێم و لەوانەشە لە ئایندەدا ببمە سەگێکی بێ خاوەن. زۆر کەس حەز دەکەن ماسی لە ناو حەوزێکی شووشەییدا بەخێو بکەن، ئەویش بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکانیان، حەزم دەکرد لە نێو حەوزێکدا ماسییەکی ورد بوومایە و سەربەستیی خاوەن ماڵەکانم داگیر بکردایە، ئەی من ئیمپراتۆر و حکوومەت نیم؟ ئیمپراتۆرێکم، هەرچی ماسیی وردی جیهان هەیە لە نێو رووباری خوێنەکەمدا هاتوچۆ دەکەن.

ماسییەکان بۆچی لە کونی گوێیەکانمەوە دەرناچن و باڵ ناگرن، وەکو من بێ دەربەست نابن و ڕووبەڕووی مردن بووەستنەوە. دەنگی ماسییەکانی رووباری خوێنم خۆڵەمێشین، واتە نە سوورن و نە شیوعین، بەڵکو ئاڵا و مەشخەڵی وجودیەتیان بەرز کردووەتەوە، من هەموو ڕۆژێ پێستی خۆم ناگۆڕم، ماسییەکانی ناو ڕووباری خوێنم

قـەت قـووت نـادەم، ناشـیـانـخـۆم، ئەوانن وردە وردە دەمــخـۆن و بووم بەنێچیریان، سی ساڵە من نێچیرم، سی ساڵە من قۆچی قوربانیم، سی ساڵە من جگەرە دەکێشم، سی ساڵە من خەریکی خوێندنەوە و نووسینم، ئەنجامەکەشیان بێهوودەیی و ژانگرتن و یاخیبوونە، هەموو تیـۆرەکـانی مـێـژووم لە نێـو حـەوزی نەبـوونمدا شـاردووەتەوە، تاقـە ماسییەک تێ دەگا دەڵێم چی، پێی دەڵێم:

– با بچینە سەر ئەڵوەن و لە نێو ڕووباری خوێنمدا مەلە بکە و با مـاسـیـیـە گـەورەکـانی ئەڵوەن قـووتم بدەن، خـۆ ناچمـە ناو سکی نەهەنگەوە.

هەمەنگوای سەندووقێکی شووشەیی لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی دنیـــادا دەپارێزێت، لە زەردبوونم دەترسم، دەتۆرێم، مـــاندووم و وا خـەریکـین مـۆتەکـەکـان لـە ژوورەکـەم دەرم بکەنـە دەرەوە، نایانـەوێت ڕووبەڕووی یادە جوانەکانم دانیشم، هەر خەریکی هەلاجیکردنی یادە کۆن و مردووەکانمن، ناشزانم سەرینەکەم بۆ کوێ هەڵگرم، بۆنی خەونە ڕەشەکانم دەکەم و گەدەم دەبێتە گەنجینەی برسێتی، چی بخۆم؟ دەبێت چاوەڕێی پاشماوەی ئەم و ئەو بکەم. ناشزانم تاوانی گەڵا زەردەکان چییە کە شەو و ڕۆژ خەمەکانم دەکەنە چەند ژەمێک و زەردتر و وردوخاشتر دەبن.

گەڵا وەریوە زەردەکان. تکایە ببنە حەسحەس و پاسەوانی ژووری میوانی دایکم و گوێ لە قاقای پێکەنینی دەستە خوشکە ماکەرەکانی بگرن، باس هەر باسی دۆلارە. با ڕەنگی بەرگی قەنەفە نیلییەکانی کاڵ نەبێتەوە و پشیلەش نەچێتە ئەو ژوورە و لەسەر قەنەفەکان گوو نەکات و هیچ زەلامێک لە "محەمەد زەفزاف" زیاتر نەبێتە زاوا و نەیەتە

ئەو ژوورەوەو کەسی تر، سێبەری هیچ کەسێک جگە لە سێبەری ڕەنگاوڕەنگی من جووت نەبێتەوە، خوا نەکات پشیلە ببێتە نێچیری شەڕەنگێزی دایکم، ئەو هەموو ساتێک شوێنی تفاقەکانی و نەخشەی ماڵەکەم و دیکۆرەکەی دەگۆڕێت، ناشوێرێ دیکۆری ژوورەکەم و پێنووسەکەم و ژیانم بگۆڕێت، بەڵام لەم ڕۆژە تایبەتییەدا بەنەفەرم دەزانێت، واتە ئەمڕۆ هەست دەکەم نمرەیەکم، کارتێکم، ژمارەیەکم، لووت و گوێ و چاوم هەیە، ناوم دەچێتە سەر لیستی خوشک و براکانم. دایکم هەمیشە حەز دەکات نەخشەی نێوچەوانم بشێوێنێت، دەستکاری نائاگایی و نەستم بکات، گووم دەرخوارد بدا و..

دووبارە زەنگی دەرگە زرنگایەوە (....)م بینی لیستێکی بەدەستەوەیە، ناچارم لاولاو و نووسین و ژوورەکەم بەجێ بهێڵم، بەوپەڕی بێ دەسەڵاتییەوە بەرەو ڕووی (....) تەکانم دا.. (....) بەچکەی بەعسییانە وتی:

– خوشکێ تۆ چ کارەیت؟ خانەی جەنابت بەتاڵە، ئەگەر ناوت لەسەر لیستەکەمان نەبێت کۆمپوتەرەکەمان لە کار دەوەستێت.

– من بێ کارم، ڤایرۆسم و هیچ خانەیەک بەدرۆ پڕ ناکەمەوە.

– هاها.. من پێوەندیم بەڕۆتینەوە هەیە. نابێت زانیاری بەدرۆ و یان بەناتەواو لە خۆمانەوە بنووسین و تۆماریان بکەین، پێنووسەکەتم بدەرێ، چونکە پێنووسەکەی خۆمم لەو ماڵەی ئەوبەر لە بیر چوو..

گرم گرت و تەقیمەوە:

– چۆن پێنووسی خۆمت پێ دەبەخشم؟

– دەی کارم زۆرە، پێناسنامەکەتم بۆ بهێنە، لە چ نەتەوەیەکیت سەر

بە چ ئاینێکیت و باری دارایی و ئابووریتم بۆ باس بکە و لە چ قوتابخانەیەک خوێندنت تەواو کردووە و و و و؟

حەپەسابووم، نەمزانی چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە پۆلیسییانەیە بدەمەوە و یەکسەر بەپرسیارێکی ئاسایی وورووژاندم و تەشقەڵەم پێ کرد:

– ئەی تۆ چی و کوێت تەواو کردووە؟

– دەرچووی بەشی ئینگلیزیم..

– تکایە باسی لێدی ماکبث– م بۆ بکە.

– ببوورە بوارم نییە.

– ئەی وێرانەخاکت خوێندووەتەوە؟

– نەخێر، ڕۆمانە؟

ویستم بەپرسیاری سووک خانە بەتاڵەکانی لیستەکەی دەستی لە بیر بەرمەوە، کەچی دەستی بۆ پێنووسەکەی گیرفانم برد و وتی:

– فەرموو..

خەریک بوو ببم بە مین و بۆمبا و لە ژێر پێیەکانیدا خۆم بتەقێنمەوە، خەریک بوو بەزللەیەک بیکەمە مزراحی گەراجە دوورودرێژەکەی دایکم کە هەمیشە چوار ئۆتۆمبێلی براکانمی تێیدا ڕادەگرێ. خۆم گرت و لیستە و پێنووسەکەشم لە دەست وەگرت و شیعرێکی پۆشکینم «کە شێرکۆ بێکەس کردبووی بەکوردی» هەڵبژارد و هەموو خانە بەتاڵەکانیم پێ پڕ کردەوە.

نووسیم

هیوایەک

هێدی هێدی ڕۆژانی من تێ ئەپەڕن
هەر ساتێکیش لە ناو دڵی تەنکی مندا
سەد ئەوەندە بۆ کڵۆڵی خۆشەویستیم گەورە ئەبن
بەڵام ناچارم بێدەنگ ئەبم
کەسێ نییە کە گوێ لە ڕازی پڕ سوێم بگرێ
من هۆن هۆن فرمێسک ئەڕێژم
فرمێسک تەنیا هاوڕێمە
دڵنەواییم بداتەوە
لە ناو ئەو داخەم سوکنایی خۆی ئەبینێ
ئەی سەعاتی ڕۆژگاری ژین!!
تێپەڕە.. من.. هەرگیز خەفەت بۆ تۆ ناخۆم
بڕۆ ون بە!! ئەی تارمایی بەد و بێفەڕ
من ئازاری خۆشەویستیم ئەلاوێنم
بەڵام با ئەو کاتە بمرم
کە ئەوین و خۆشەویستی
لە ئامێزی تەمەن دەگرم

پاش ئەوەی خانەکانم بەپارچە شیعرەکە پڕ کردەوە، بەکوردی وشەی "ترحێو"م نووسی و واژووم کرد. (....) دۆش داما و یەکسەر پێم وت:

- گوێ مەدەرێ هەموومان قەیرەین.

خەریک بوو بگری، دەستم خستە سەرشانی و هەردووکمان بێدەنگ بووین. دەمـوچاوی هەردووکـمـان بوون بەئاوێنەی یەکـدی، بەڵام جۆگەکانی فرمێسکەکانمان یەکدییان نەگرت و نەبوونە ڕووبارێک، ڕەنگی فرمێسکی ئەو سەوز بوو، ڕەنگی فرمێسکی منیش سوور بوو، وەکو بت لە شوێنی خۆماندا وەستاین، کلیلی قسەکردنی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوو، نەشیتوانی وەکو تووتییەکی بەعسی بدوێ، زمانی کلیل دراو زمانی منیش ڕازی نەبوو لە نێو دەریای پیسی زمانی ئەودا گلاو بێ، دایکم پەتی بێدەنگییەکەمانی بڕی و پێی وت:

- فەرموو لەسەر ئەم کورسییە دانیشە.

ئەویش بەبێ خواحافیزی کردن لێیدا و ڕۆیشت، زانیم ئێستا دەست بۆ سکی دەبات و نائومێدی پڕ نەبوونی بەمنداڵ شکستییەکی تری پێ دەبەخشێ، دەمزانی بەرامبەر بەئاوێنەکە ڕادەوەستێ و سەیری مەمکە چرچ و بێ شیرەکانی دەکات، زانیم دەست دەبا بۆ ناوگەڵی و بەتووڕەییەوە پەردەی کچێنی خۆی دەپشکنێ، لەوانەشە بیر لەوە بکاتەوە بەتێلاکەی سەدام حوسێن و هاوڕێکانی خۆی تێی بکات. منیش ڕوانیمە ئەو ماسییە بچووکە سوورەی کە لە نێو بتڵە سپییەکەی سەرمێزی نانخواردنی دایکم کە سەمایەکی سۆفییانەی دەکرد، خەریک بوو زیکر بکەم، گریام بۆ سەربەستیی ماسییەکە، دوایی زانیم کە مێیەو بۆ نێرەکەی دەگەڕێ، شەیدا و سەرگەردانە، هێلکەکانی قووت دەدات و وردە وردە گیان لەدەست دەدا.

سەری بتڵەکەم کردەوە و ئاوەکەیم ڕژاندە نێو کاسەیەکی بۆری دایکمەوە. ماسییەکەم دەرهێنا، خەریک بوو فڕێی بدەمە سەر مێزەکە

و وەکو ئاسایشێکی بەعسی سەیری جۆری گیاندانی بکەم، پەلە پەل مەنجەڵەکەی دایکمم پڕ کرد لە ئاو و ماسییەکەم فڕێدایە ناو مەنجەڵەکەوە و یەکسەر ڕۆحی گەڕایەوە ناو جەستەکەی، وای زانی لە ناو دەریای خۆیدایە، هەمیشە سەر دەکەوت و خەریک بوو بەهاوارێک کاسی دەکردم.

من لە پێوەندیی نێوان نێر و مێی ڕۆژهەڵاتی سەردەرناکەم، پێوەندییەکی ئاڵۆزە و زمانی هاوبەشیان ون کردووە، لەشیشیان بەیەکدییەوە نامۆن، خۆیشم خەفەتم بۆ ئەو هێلکانە دەخوارد کە مانگ لە دوای مانگ بێهوودە منداڵدانمیان بەجێ دەهێشت و قەت نەبوون بەمنداڵ. ماسییە سوورەکە چاوەکانی نووقاندەوە، خەونی بەدەریایەکی گەورەترەوە دەبینی، چوار دەوریشی پڕ بوو لە هێلکەی بچووک، چۆن دەریایەکی بۆ دروست بکەم؟ ئەی بۆ خۆم؟ چۆن بیرێک هەڵبکەنم؟

هەستم کرد لە حەزرەتی یوسف دەچم و ماسییەکە وەکو زولەیخا هاتە بەرچاوم، هەرچەندم کرد ئۆکسجین بۆ هەناسەکانم پەیدا بکەم نەمتوانی. بۆنی ئاوەکەی نێو مەنجەڵەکەم کرد، ئۆکسجینی ئاوەکە بوونە چەند بڵقێک، بڵقەکان بەدووەم ئۆکسیدی کاربۆنی کونەکانی لووتمدا تەقینەوە. ماسییەکەش لە پرخەی خەودا بوو، خەونی بەچەند نێرێکی سپییەوە دەبینی و لەوانەشە دەستپەڕیان لەسەر بکات، چونکە ئاوی مەنجەڵەکە لینجتر دەبوو. لە کوێوە ڕووباری بۆ بهێنم؟ چۆن ڕووبار لە شوێنی خۆی هەڵدەگیرێت و بۆ شوێنێکی دی دەگوازرێتەوە؟

ڕووبارێکم وەکو ڕووباری نیل دەست نەکەوت کە بەپێچەوانەوە بڕوات، ئەڵوەنیش قەت شوێنی خۆی بەجێ ناهێڵێت، ماسییەکانیشی

هەمیشە ئاوارەن، نامۆن، زاوزێ لەگەڵ ماسیی جیهان ناکەن و یەکدیش ناخۆن و مێکانی زیاترن لە نێرەکانی. ڕەنگیشە ماسییە بچووکەکان ماسییە گەورەکان قووت بدەن، شەوانیش لە نێو چاوەکانمدا مەلە دەکەن و زۆرجاریش بیلبیلەی چاوەکانم دەکەنە گۆڕی خۆیان.

جاران ڕاوچییەکی سەیر بووم، لاسار بووم، هەمیشە خەریکی ڕاوەماسی بووم و بەدڵڕەقییەوە ماسییەکانم دەخستە نێو قوتووە ژەنگاوییەکانم و هەمیشە من هەوێنم لە دایکم دەدزی و بەقولاپی هاوڕێکانم «کە بەعانەیەک لێم دەکڕین» ماسیم دەگرت و بەوپەڕی دانۆشییەوە قوتووەکەم دەبردە ماڵێ، ئەمەندە دڵم بەڕاوچییەتی خۆم خۆش بوو، خەریک بووم لە خۆشی ماسییە وردەکانم باڵ بگرم، زۆرجاریش ئاوی قوتووەکەم دەگۆڕی و کەم جار دەبوومە جەللاد..

هەست دەکەم بەرامبەر بەو ماسییانە تاوانێکی گەورەم کردووە و وا هەست دەکەم ئەم ماسییە سوورە تۆڵەی ئەوانم لێ دەکاتەوە، ملی خەونەکانم بەدەزووە نایلۆنەکانی قولاپەکانم جەڕ دەدا، وا خەریکە خۆم دەبمە ماسی، کەم شەو ئەم ماسییەم لێ دەبێ بەمۆتەکە و خەوم لێ حەرام دەکات. دایکم لەپڕ تەقییەوە و نەڕاندی:

– منداڵی یاری بەماسی دەکەیت و مەنجەڵەکەم پیس دەکەی، لە منداڵیتدا کەم ڕاوە ماسیت کردووە؟

خەریک بوو پێی بڵێم:

– ئێستاکەش ڕاوی خەمی ماسی دەکەم.

کەچی لەپڕ بێدەنگ بووم و مەنجەڵەکەم شۆرد و ماسییە سوورەکەم

گەڕاندەوە بۆ ناو بتڵەکە و ئاوی تازەم تێ کرد.

بوو بەشەو، ماڵئاواییم لە خەونی خۆم و ماسییە سوورەکە کرد و (....) مرد. رادیۆ ڕەشەکەشم لە خۆیەوە قسەی کرد و وتی:

– بەداخەوە ئێرە بووەتە گۆڕەپانی سیخوڕەکان، ئێمە فێرین هەمیشە خەونی ڕەسەنی خۆمان لەدەست بدەین، قەت ئارام ناگرین.. و..

کوژاندمەوە و نەمزانی باسی چ شوێن و نیشتمانێک دەکات، وشەی ئارام شڵەژاندمی، چەندین ساڵە بەدوایدا دەگەڕێم، نازانم خۆی لە کوێ شاردووەتەوە، خۆزگە دەریایەک بوایە هیچ نەبێ لە کەناریدا چاوەڕێی مردنی دەکرد، خۆزگە ڕووبارێک بوایە تۆڕم هەڵدەدا و هێلکەی هەموو ماسییەکانم دەگرت بۆ ئەوەی ماسییە گەورەکان ماسییە وردەکان نەخۆن، خۆزگە شەوێک بوایە بەنووسین سپیم بکردایەتەوە، خۆزگە بیرێک بوایە هەرچی بێئومێدیم هەیە تێیدا زیندەبەچاڵم بکردایە، خۆزگە ئاسمان ببوایە هەموو کۆترەکانی تەمەنم بۆ بکردنایە بەئەستێرە. ئای لەم شەوە سامناک و ترسناکە، نازانم سەرینی کێ بۆ ئەم سەرە قورسەم بەکار بهێنم.

وا خەریکم ئاوێنەی تەمەنم وردوخاش دەکەم، با پارچەکانی ئاوێنەکە باسی یادەکانم بکەن، جگەرەشم نەماوە، دایکیشم ئەگەر مردم جلەکانم بەسەر چەند قەیرەیەکدا دابەش دەکات، ئەو ماکیاژەی کە خۆمی پێ هەڵدەخەڵەتێنم فڕێ دەداتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە. با ئەمشەو دەستەکانم لەسەر ئاگری ئاوارەیی و تەنیاییم گەرم بکەمەوە.. ئا ماکیاژەکانم.. دەموچاوی کێی پێ سواغ بدەم؟ کەس! ئای لەم هەورە سکپڕانەی کە ژوورەکەمی تەنیوە، وا خەریکن دەنیشنەوە و

زەویی ژوورەکەم تەخت دەکەن. خۆ ناتوانم سواری پشتی هەورێکی ڕەش بم و باڵ بگرم، بۆ کوێ باڵ بگرم؟ بۆ لای شەیتانێک؟ شەیتانەکان نیشمانیان داگیر کردووە و هەتاکو حەوشەی غەوسیش پڕە لە سیخوڕ و ئەندامانی موخابەراتی سەدام، کەس بۆی نییە جێی نیشتمان لە دڵمدا بگرێ.

هەر دڵێک و پارچەیەک لە نیشتمانی تێدایە، سەرینەکەشم تاقەتی چووە و فرمێسکەکانم نامژێ و خەونە پەلکەزێڕینە ئاساکانم بۆ دەکاتە مۆتەکە، هەر هەموومان بێ لانەین، نیشتمانیش وەکو تۆپێکی تۆراو بێ ناز کەوتووە و کەس شەقی تێ هەڵ نادات، رازی نییە ببێتە نێچیری تۆڕەکان، بەملیۆن چەقۆ بریندارە، ئای لەو پەیکەرە لە خۆیەوە قورمیش دەکرێ و دەمی دەبێتە تەڵەی تەقیو، بەدرۆ ماچی لێوی کانییان دەکات و ئاوە سازگارەکانیان بەتفێکی ژەهراوی پیس دەکات، تا دێ ئاوی کانییەکانمان ژەهراوی دەبن، ترۆپکی شاخەکانیش لە هەتاو تۆراون، دۆڵەکانیش پڕن لە پیلانی خیانەتکارەکان. ئای لە میلی سەعاتی ئەو شەوە ئەژدیهایە، کە خەریکە ساتەکانی بوونم دەژمێرێ. دۆڵەکان بوون بەزبڵدان، تۆ بڵێی دەریای ئیجە بتوانێ خۆی راگرێ و نەهەنگەکانی قووتم نەدەن؟ نەبمە ژەمێکی ماسیی تورکەکان.

ماسی تورک و کورد نازانێ، دەریای ئیجە بووەتە ئارامگەی کوردان، هەر هەموویان بەرۆکی نیشتمانیان بەرداوە، سینگم بووەتە فڕۆکەخانە، کێ دەیەوێ کۆچ بکات با لەسەر دڵم بنیشێتەوە، منیش هەمیشە سەیری سێبەرە وەنەوشەییەکەی خۆم دەکەم، چاوەکانم بۆ ئاسمانێکی سوور هەڵدەبڕم و ئەگەر بەدەستی من بێ پەڵە هەورەکان دەدوورمە یەکدییەوە فوویان تێ دەکەم بۆ ئەوەی ببنە باڵۆن و هەڵفڕن.

باران نم نم دەبارێتـە سـەر بیـابـانێکی ڕەشی بێ سنوور، قـژیشم دەبێتە پەرژینێکی سپی، نینۆکەکانم دەچەقنە نێو جەرگی ژیانێکی بێ زەمینە و دیوار.. کاتژمێری گەردوون هانم دەدا پەلەپەل هەنگاو بنێم و تەماشای دووریانی ڕێگەکان بکەم کەچی لە بەرچاوم خێرا ون دەبن، ڕێگەکـان دەبنە ئاسـمـان و ئاسـمـانیش دەبێتـە زەوی، بـارانەکـە ڕەش دەبێتـەوە و بەڕەنگە قەترانییەکەی چاوە کزەکانم دەڕێژێ، بەبێ ئەوەی سـەیری بـەردەکـان بکەم دوو هـەنگاو بۆ دواوە دەنێم، ئەم ژوورەم وا خەریکە پڕ دەبێ لە ئەژدیهای مەیوو و وشکهەڵاتوو، ڕۆژەکانیشم واتە رابردووم تەڵاقی ڕۆژانی داهاتووم دەدەن.

پردێکی زێڕین یان پەیکەرێکی نامۆ لە بڕبڕەی پشـتی مـرۆڤـەکـانی سـەرزەمین دروست بکەم؟. چیمە؟ چی دەڵێم؟ ئەوە نییە یەکە یەکە دڵۆپە فرمێسکە تینووەکانم لە مشـتـمـدا کۆ دەکەمـەوە و بەدەزووی نامۆییم دەیانهۆنمەوە، دەیانکەمە ملوانکەیەک، ملوانکەیەکی مرواری، دەڵێن ڕەنگی مـرواریـیـەکـانی خۆڵەمێشین، وا خـەریکم بەچەقۆی ڕق سێبەرم پارچە پارچە دەکەم، منداڵم نییە، با سێبەرم زۆر بێ، با پارچەکان پێشم بکەون و بۆیان تێر تێر بگریم، یاساکان لە زیو دەچن، مـۆدێلی یاسـای زێڕین نەمـاوە، بارانیش هـەروەکو دەنووکی هەڵۆیەک بەتوندی لە دەرگە و شووشەی پەنجەرەکەم دەدا.

دایکم خەریکە مووە سپییەکانی سـەرم دەڕێسێ. دەبێ باجی هەموو شتێک بدەم، دەترسم خۆم بەرامبەر بەتابلۆی سەر دیواری ژوورەکەم دانیـــشـم و ئەویش تف لـە ڕووم بکات، دیواری ژوورەکـــەم پڕە لـە هـۆنراوەی ســـەیر، نازانم کێ پێش من لەم ژوورەدا بووە و بەچەقۆ ڕووی دیوارەکەی ڕووشاندووە، چ رستـە و بێریکیـان بخـەمـە

سەر، نازانم! ناچارم بەزمانم خوێنی برینی لەپی دەستی چەپم بلێسمەوە، یان من یان ئەم دیوارە بێ کەس و ڕەنگە، یان من یان ئەو دوورگە بێ بەندەرە، یان من یان ئەو شاخە تاڵە، گڕ دەگرم و دەترسم لە ژێر ڕەحمەتی ئەم بارانە رەشەدا بتوێمەوە شۆستەکان میوانداریی هەنگاوە قورسەکان دەکەن، گڵۆپی شەقامەکانیش تاریکی بڵاو دەکەنەوە، رووباری ئەڵوەنیش وا خەریکە ملی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، خەریک بوو بفڕێ و بۆ دوو باڵ دەگەڕا بۆ ئەوەی لە ئاسوودەیییەکی بێ چوارچێوەدا و لەگەڵ کۆترە ڕەشەکاندا کۆچ بکات.

هەڵۆی باران و پەڵە هەورە ڕەشەکەی نێو کەللەی سەرم شەڕ بەخەونەکانم دەفرۆشن. ناچار بووم تۆپەڵە وشە بئاخنمە نێو گوێیە کۆنەکانمەوە. بەڵێ، گوێی کۆن و نوێ هەیە. بەتایبەتی منێکی ئاژەڵ شەش گوێم هەیە، بەهەر گوێیەک هەواڵێک دەبیستم، گوێیەکم تازە هەواڵی پۆتینم بۆ شی دەکاتەوە، گوێی دووەم خۆی بۆ هەواڵەکانی ئیسرائیل قوت کردووە، بەکورتی گوێیە کارەباییەکانم پێشوازی لە هەواڵەکانی گەردوون دەکەن. بەدەستی دایکم بێ بە بەنەخوێنەکەی هەواڵەکان قومات دەکات، منیش هەر ئێستا کفن بۆ مەلۆتکە و چۆلەکەکانی ژیان دەدوورم. لایەکی ئەم دۆلابەم دەکەمە تاتەشۆر و لایەکەی دیش دەکەمە دارمەیت، نامرم، بەڵام خەون بەمردنەوە دەبینم.

وا دیارە دایکم کفنەکەمی بەقەد سەر و شان و پێ و ملمدا دووریوە. گۆڕەکەشم دوو سەنتیمەتر لە قەوارەی لەشم قووڵترە.. دەزانم وڕێنە ناکەم و هەر لەو رۆژەوەی کە لە دایک بووم خەونم بەمردنێکی واوە بینیوە. با دوو هەنگاو بنێم، ئاخ، پارچە شووشەیەک چەقییە ناو بنی

پێم و خوێنەکەم وا خەریکە تێکەڵی باران دەبێ، وا خەریکە خۆشم دەبمە بەردێکی قورس و لە بنی پردە بەردینییەکە و مەگەر راوچییەکانی ئەڵوەن بەتایبەتی لە کاتی میزکردنیاندا بمدۆزنەوە. خۆیشم کاتێ کە بەسەر پردەکەدا دەڕۆم، ئەملاو ئەولای عەباسی نانەوا ماچ دەکەم، هەست دەکەم مردووەکانی "پاشا کۆپری" بەدەنگێکی خەماوییەوە فاتیحام بۆ دەخوێنن. هەروەها نوێژکەرەکانی مزگەوتی "حەسەن عەلیوەر"یش تەرمەکەم هەڵدەگرن، منیش ئەمبەر خانەقی و ئەوبەر خانەقی دەکەم. بوومەتە ئاو رۆشنکەرەی شار، دەنگی مەلای مزگەوتی "ئەلحوسەینییە"ش دەگاتە "قوم" و "نەجەف"، کێ دەتوانێ مەلا بێدەنگ بکات؟ نامۆیی خوێنم یان ژێیە ژەنگاوییەکانی قوڕگم؟

لە خانەقیدا وشەکانم دەبنە هەزارەها شانەی خوێن، تەڵە موویەکی سەریشم لایەلایە بۆ ژێیەکانی دڵە مردووەکەم دەکات، لێوەکانیشم لە نێوان بارانی ماچەکاندا وا خەریکن دەمە ئەشکەوت ئاساکەم دەکەنە بەهەشت، هەنگوێنی زمانیشم هەرچی تاڵی ئەم زەمە جەنجاڵە هەیە شیرینی دەکات.. ئای لەو چرکەساتانەی لە نێوان کردنەوە و داخستنەوەی دەرگەی دڵدا ڕوحم بۆی دەبێتە چەند پریشکێکی کریستاڵی، هەوڵ دەدەم بەپەنجەکانم چەپکێ تیشک کۆ بکەمەوە وەکو گەردانە سنگە گۆڕستانەکەمی پێ برازێنمەوە، بەڵام روح هەڵدەفڕێ و بۆ ئاسمانێک دەگەڕێ کە تەنیا گوێ بۆ گڕوگاڵی خواوەند و قوڕی دەستکرد ڕادەگرێ و منیش پەیکەرێک بۆ لۆتییەکانی کوردستان دروست دەکەم.

نە من دەبمە شەیتان و نە خانەقی دەبێتە فریشتە بۆ ئەوەی

سەرتاسەری تەمەنم لە دەریای ململانێدا بخنكێن و نوقم ببن، لە خانەقیدا پێكەنین و گریانم تێكەڵی خەونێكی هەمیشەیی لاپەڕەكانی ژێر دەستم دەبن، نە پێنووس بێ خوێن دەنووسێ و نە لاپەڕە بێ گڕگرتن خوێنی وشە دەمژێ. چوارچێوەی ئازادیم لە خانەقیندا كەلەبچەیە و نایگۆڕمەوە بەژوانێكی ئەرخەوانی، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی چەندین درەختم لە دڵدا سووتاند. سەری چەندین كۆترم بڕی، لق و پۆپی چەندین چیرۆكم سووتاند، دەبم بەچوار تارمایی، بۆنی یەك كولێرە دەكەم. "ئەو"یشم لێ دەبێتە بەردەكەی سیزیف، بەرەو بەرزترین ئەستێرە هەڵدەفڕین و وشەكانم دەبنە نۆتە و لە ناو دڵمدا دەبنە گۆرانی و لە قوولایی بیری قوتابخانەی خانەقینی كچان سكالاكانم دەشارمەوە، كۆتری ڕەشی نامۆیی زەمانم لێ دەبێتە عزرائیل، نازانێ لە چ گۆڕێكدا و لەگەڵ كێدا جەستەم و پێنووسەكەم بەیەكەوە زیندەبەچاڵ بكات، شار دەڵێ:

– گۆڕستانم زۆرە.

بەگۆڕستانی پاشا كۆپری دەڵێم:

– دەبێ ببێتە گۆڕستانی شەهیدەكان، جێی منیش لە لای تۆدا نابێتەوە، چونكە من عاشقم، مردووەكانت نەفرەتم لێ دەكەن، كەچی لەوانیش شەهیدترم.

كێ تاوانبارە؟ گرێی روحەكان ناكرێنەوە، كێ تۆڕەكانی غەیب و ئایندە دەچنێ؟ ماشێنی ئایندەبینیم لە ناو دڵمدایە، لەسەر كارەبای خوێنم كار دەكات، دە ساڵی داهاتوومان دەخوێنێتەوە، نێوچەوانی ئاوێنەیەك وەكو پەردەی ئینتەرنێت دێتە بەرچاو، لە نووكەوە دێرە مینڕێژەكان دەخوێنمەوە پیتەكان گوللەن، وشەكان چەقۆ و خەنجەرن،

چاوەکـانم دەکـەمـەوە و پەردەی مـاشـێنەکـە قـووت دەدەم، ئەو تـاقـە ئامێرێکە بۆ تێگەیشتنی چۆنیەتی چنینەوەی دەزووە سیحراوییەکان، بەداخەوە گرێکان کوێرن، کەس ناتوانێ بیانکاتەوە ماشینی دڵم نەبێ. من بەنینۆکە تیژەکان کە وەکو نووکی دەرزی تیژن، دەتوانم ئەو گرێ کـوێرانە بکەمـەوە.. ڕادیۆ ڕەشـەکـەم بۆ دیوارەکـان هەواڵ پەخش دەکات، شەوەکەشم زۆر تاریکە، ڕوو لە مردنێکی گەورە دەکەم.

تراژیدیای ئەمڕۆ دەبێتە کۆمیدیای سبەینێ، کاتێ کە وشە فرۆشرا دڵی من وەسـتـا، بۆیە ئێـسـتـا بەهۆی ئەو مـاشـێنەوە من ژیاوم، وا خـەریکە لەگـەڵ جـڕوجـانەوەردا یەکـسـان دەبم، ناشـزانم چی لە خـەونەکـانی مـێروولە و مـۆرانەی نێـو نووسـینەکـانم بکەم، چۆن ئەو خەونانەیان وەدی بهێنم؟ بوومەتە بوورغووی دەزگا قەحپەخانەکانی سـەدام حـوسێن، ماین و هێـستـر لە یەکـدی جیـا ناکامـەوە، ئای لە قـەوارە و سـەنگی ئەو نووسـەرە هەلپەرسـتـانە. کـە پاسـپۆرتیـان لە گـیـرفـانیـانـدایە و بەڕەگـەز بیـانـین، هەست دەکـەم ئا هـەر ئەم سـاتە ژوورەکەم وەکو هەڵەبجە کیمیاباران دەکرێ، خاپوور دەبێ، دەبێتە دوا گۆڕم.

لە هـەمـوو شـوێنێکدا من گـۆڕێکی تایبـەتیم هەیە، زۆرجـاریش گۆڕەکان هەروەکو کوردستان سنووරداش دەکرێنەوە، هەر ئێستاش ئا لەم ساتەدا لەسەر لەپی دەستی شەیتان هەلەکەسەمامە، مەیموونم، بۆ نا، لە نێـو تای تەرازوویەکی وەهمیـدا هەمـوو شـەوێ دڵ و مێـشکم لە تیشکێکی تایبەتی دەدرێ، جەسـتـەم دەکاتە سـەد کیلۆگـرام، چونکە هەر دڵۆپەیەکی خـوێنم، مـینێکە، تا دێ قـەوارەی بێـئـومێـدیم گـەورە دەبێ، وەکو سـەگەکانی ئەوروپا تەوقێک لە ملمدایە، سێبەرم پەلکێشم

دەکات، ڕقم لەو قایش و ئەڵقانەیە، تا دوێنێش من ئەڵقەیەکی ژەنگاوی بووم لە نێو زنجیرێکی دووروودرێژدا.

حاڵی حازر کۆچکردووەکان یان ئەوانەی لە سێدارە دراون و قنگیان ملیار بتڵی خواردووە لە ژێر گڵدان، تا ئەوانەی کە هێشتا لە بەندیخانەدان، ڕەنج بێوەر و هەناسە ساردن. مەڕ بووین، شوانەکانیشمان درۆیان بۆ دەکردین. شوانەکان سواری فڕۆکە بوون، وەکو هەزار گوێز وردوخاش کراین و کاکڵەکانمان خوران، هەر هەمووومان ئاخێنرابووینە نێو تۆڕێکی گەورە و پان و بەرینەوە، بۆنی قنگی یەکدیمان دەکرد، بواری دەربازبوونمان نەبوو، نیشتمانیش بووکێکی بریندارە، هەمیشە بریندارە، خەونەکانمان بووبوونە تاراکەی و ئاوازەکانمان بووبوونە کەزییەکانی، ئێستاش نازانم کێ کەزیی نیشتمانە سەربڕاوەکەم شانە دەکات؟

قەت لە وڕێنەکردن و خۆخواردنەوە تێر نابم. سکاڵا بۆ چ پەیکەرێک بکەم؟ هەست دەکەم شاخەکانی ناو جەرگم ئیفلیج بوون، سێبەرەکانیان بوونەتە گۆڕستانی جڕوجانەوەر، ئەوەی ماوە تەنیا ناشتنی ئەم سێ پەنجەیەیە کە ئەم دێرانە لەسەر ئەم لاپەڕە ڕووڕەشانە تۆمار دەکەن، جانتاکانت بۆ کوێ بەرم؟ پڕن لە نووسینی نیوداش، هەندێ لاپەڕە بەرگەی هیچ جۆرە کارەساتێک ناگرن، گەڵای وشەکانم وەریون و گوڵەکانیان ژاکاون، ئەلبوومەکەشم بۆنی نەوتی لێ دێ، وا خەریکم سەیری وێنە کۆنەکانم دەکەم، حەزیش ناکەم مێژوویان بزانم، لەم ساتە شوومەدا مێژوو بووەتە تنۆکێکی نەوت، وەکو جیوە دادەبەزێ، با پێش ئەوەی خۆم بکوژم تفێکی خەست لە زەوی و ئاسمان و وشە بکەم.

دەمم لە دەمی بۆق دەچێ، با بتمرێنم، با بەرد و دار و خۆڵ و لم و درەختەکان هەراسان بکەن. ئەم ڕستانەش ئەگەر بۆ کەرێک و ماکەرێک بخوێنمەوە یەکسەر دەڵێن:

– ورەی دابەزیوە.

ئای لەو کەرێتی و ماکەرێتییە. ژوورە سەر لێشێواوەکەم باوێشک دەدا قاچە مەستەکانیشم سەرخۆش بوون، پەنجەرەکان لە خۆیانەوە دادەخرێن، پەردە ڕەشەکان بۆ بەختی رەشی خۆیان دەگرین، نیشتمان مەمکە توند و تۆڵەکانمی سیس کرد، وەکو دوو گەڵای زەرد نووساونەتە قەد سینگمەوە، پارچەکانی ئاوێنەکەم هاواریان لێ هەڵدەستێ. وا منیش لە دوورەوە گوێ بۆ وڕێنەکانی (....) دەگرم. وڕێنەکانمان بێ سوود نین، ئەگەر تۆمار بکرێن لە دەرگەی پشتەوە دەچنە ناو مێژووەوە، مێژوو؟ هاهاها! "با"کەی ئەمشەو نەزۆکە، هەواڵەکانم ناگەیەنێتە ئەستێرەکان کە لە شیر براونەتەوە و هیچ جۆرە ئاسمانێکیان بەدڵ نییە.

کرمی گۆڕە تازەکانیشم بێ ناز کەوتوون رۆڵێکیشم نییە ببێتە درەختی ژیانم، سێبەری ئەلبوومەکەم دزراوە، تاراکەشم بووەتە خۆڵەمێش، ناوێرم کاتژمێری دڵە وەستاو و بێدەنگ و مردووەکەم قورمیش بکەم، تۆ بڵێ نووزەی فێنکی نیو زیندیق بگاتە ئاسمان؟ کام ئاسمان، ئەو ئاسمانە شێتەی کە لە هیچ شێتخانەیەکدا جێی نابێتەوە، کە هەزار دەرزیی ڤالیۆم ئارام نابەخشێتە مانگ و ئەستێرەکانی، کە هەمیشە بووم بەگاڵتەجاڕیان و چەقەنەم بۆ لێ دەدەن و منیش نە شانم هەیە بای دەم و نە سکم هەیە و نە قاچم هەیە هەڵپەڕکێیان بۆ بکەم.

هەی هاوار لە یاخیبوونم، هەی هاوار لەم شەوە مارئاسایە، حەز دەکەم لە سێدارە بدرێم، خۆشە، مێژوو لە ژێر قاچەکانمدا شیوەن دەکات، بووکەشووشەکان بۆم دەگرین، نووسینەکانم هەلاجی دەکرێن، کفنەکەم لێ دەبێتە جلی بووکێنی، پێنووسەکەم لە مۆزەخانەی نائومێدیدا دەپارێزرێ، درەختی چیرۆکەکانیشم لە خۆیەوە گڕ دەگرێ، چی بنۆشم؟ ژەهر سوقراتی زیندوو کردەوە، وڕێنەکانی منیش ڕیسوام دەکەنەوە، دەریای فرمێسکەکانیشم بێ کەنار دەبن.

با جگەرەیەک بکێشم. بۆچی نابم بەجگەرە؟ بۆچی خوێنم نابێتە مەی؟ چیمە؟ با ئەم کەنتۆرە کە بووەتە دارمەیتی ڕۆمانەکانم بیکەمە دارمەیتی جەستە پووکەکەم، با لە سەرەتادا لە پێستم دەرچم، من کێم؟ من ئەحلام مەنسوور، چیم دەوێ؟ نازانم.

با دەرگەکانی ئەم دارمەیتەی ڕۆمانەکانم بکەمەوە، بزانم چەند ڕۆمانی مردووی تێدایە، زۆرن، چییان لێ بکەم، با بیانسووتێنم ئنجا دەڵێن:

– دۆر دەکات، هیچی نەبووە، بۆیان نووسیوە.

دەی هەرچی دەڵێن با بیڵێن من کەی گوێم داوەتە ئەوان، ئەوان کێن؟ هاوڕێکانم، دوژمنەکانم؟ با سەرم بخەمە ناو هەردوو دەستمەوە، سەرم زۆر قورسە، قورس قورس و بووەتە بەرد. بۆچی سیزیف سەرم لە ملم و لە شانەکانم جیا ناکاتەوە؟ با سەرم هەڵگرێ و ڕوو لە ترۆپکی شاخی بێدەنگی بکات، سەرم سەختە ناتەقێتەوە، سەرێکی زۆڵم هەیە، هەموو شتێک بە سەنتیمەترە، هەروەکو پێوانەی ئەوروپاییەکان. سەرم نە ئاگر دەگرێ و نە دەتوێتەوە و نە دەمرێ، هەمیشە لە کۆچکردندایە، هەر لە سوقراتەوە تاکو جاک دریدا،

سنوورداشی دەکەنەوە، کەچی بێ پاسپۆرت سەر لە هەموو شارەکانی جیهان دەدا، ئەمشەو نازانم بۆچی کۆچ ناکات، ئەم ژوورەی کردووەتە گۆڕ و ئێستگا، بەتایبەتی ئەمشەو، ناوێرم تەلەفۆن بۆ هاوڕێ دوژمنەکانم بکەم، سەرم بۆ شەڕ دەخورێ، ئەی بۆ نەچمە خوارەوە و میز نەکەمە ناو گوڵدان و ئینجانەکانی دایکمەوە، خۆ سەرم دەبرێ، وەکو بووکەشووشە دەستەکانم لە شانەکانم جیا دەکاتەوە، هەروەها سەرم، دوایی قاچەکانیشم.

با دەستپەڕێ لەسەر شەیتان بکەم، نا نا نە منداڵدانم هەیە و نە ویستم دەجووڵێ، هەستیشم وەکو بەفرە، نەستیشم خەڵووزی هاڕدراوە، ئاویشم خۆڵەمێشە، با لەگەڵ سەرم و پێنووسەکەم قسە بکەم، ئەم دووانە هەمیشە ئەمبولانس بوون، بەڵام ئەمشەو وا دیارە فریام ناکەون، با لاڵ و کەڕ و کوێر بم، با زمانم ئیفلیج بێ، با رووناکی چاوم تاریک بێ، با شێت بم، با برۆمە دەرەوە و تەقە بکەم، ئاخر ڕەشاش و کلاشینکۆفم نییە، پرم یان ئیفلاسم کردووە؟ شێتم یاخۆ ئاقڵم؟ ئەم ژووره سورياليیە مەگەر شەیتان ڕێکی بخات، خواش قبووڵ ناکات بگریم، ئەزموونەکانم وەکو مشک تەراتێن دەکەن، فرمێسکەکانیشم وەکو هەڵمات بەر دەبنەوە سەر زەوی، با هەڵماتێنیان پێ بکەم، خۆ یارییەکی خۆشە، با گوڵی خەمەکانیشم بۆن بکەم، بۆ ئەوەی فرمێسکەکانم زۆر بن، باشە ئەی ئەم هەموو هەڵماتە زۆرە، چییان لێ بکەم، کێ یاریی هەڵماتێنم لەگەڵ دەکات؟

نا نا یاری ناکەم، با دابەزمە خوارەوە و بچمە باخچەکەمەوە، پەنجەکانم لە خاکدا دەڕوێنم، ڕەگ و ڕیشەیان لێ دەبێ، دەبنە ڕووەک، دەبنە گەڵا و لق و گوڵ، گوڵی رەش، وا دیارە خڕۆکەکانی خوێنەکەم

دەیانەوێ ببنە مۆرانە و ئێسقانەکانم بخۆن، یا داوەشێم یا وشەیەک بکەمە فیشەک و خۆم بکوژم، لە کوێی خۆمی بدەم، لە کاتێکدا کە من مردووم، سەربڕدراوم، هاوڕێکانم لە ماڵەوەن خەریکی خواردنەوەن، منیش خۆم دەخۆمەوە، جیاوازی نێوان من و ئەوان زۆر زۆرە، ڕقیان لە منە، کەیفی خۆیانە ئەوان بەربادن دڵیان لە ناو چڵکاوی سیاسەتدا گلاو بوون.

باوی خۆفرۆشتن و خۆکڕین نەماوە، سۆڤیەت ڕووخا، وا خەریکە مۆرانەی سەرمایەداری پارچە پارچەی دەکات، گەوجەکان وا دەزانن ڕووخاوم، من نەڕووخاوم، من سکالا دەکەم، بۆ دیوارەکان وڕێنە دەکەم، کتێبەکانم بۆم دەگرین و دەمەوێت لە وشەکانم فەرهەنگێک بۆ روانینم بکێشم، من بەختەوەرم چونکە خۆم نەدۆڕاندووە، خەفەتیش بۆ خۆم دەخۆم، بێدەنگیشم جۆرێکە لە گووخواردن، شەیتانێکی لاڵم، وا خەریکم دڵی خۆم دەدەمەوە، تۆڕە تازەکە ڕاوم دەنێ، تۆڕێکی ڕەشە بەپێچەوانەی تۆڕە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە، کە هەمیشە تێیاندا نێچیرێکی ئیفلیج بووم، کلکم درێژ دەبوو و چاوەکانم وەکو چاوی گورگ تیژ دەبوون و هەروەهاش نینۆکەکانم دژی راوچییەکان تیژ دەکردەوە، تاقەتم نەبوو، گوێ بۆ درۆکانیان شل بکەم، تا دەهات بۆنی دەزووی تۆڕەکانم دەکرد، خۆ بواریان نەدەدامێ خۆم دەرباز بکەم. کلک و گوێیان دەبڕیم و ناچار دەبووم بەرگری لە خۆم بکەم بەرگە بگرم و نەگریم، ڕاوچییەکان زۆر بوون زۆر، بەکەلەپچە دەستەکانمیان دەبەست و قاچەکانمیان بەمیز دەشۆردەوە.

من هەمیشە فێرم ڕووبەڕووی مەینەتییەکان ببمەوە، خۆمم نەدەدۆڕاند، بەلام بەرهەڵستیم کەم بوو، بۆچی؟ نازانم! خۆشبڕواییم

خـراپ بوو، سـەریان دەخـسـتـمـە سـەر کـەناری ڕووبارەکـان و بەچەقۆیەکی تیژ سەریان لە شانەکانم جیا دەکردەوە، بۆیە هەمیشە بێ سـەر و هـەنگاوم، چاوەکـانم ڕاهاتـبـوون بفـڕنە ئـاسـمـان، بەدوای خۆردا دەگەڕان، تا دەیاندۆزییەوە، ئەویش کوێری دەکردن. من بۆ کێ قـسـە دەکـەم؟ بۆچی وەکـو ئافـرەتی کـورد لە دەسـتی ڕۆژگـار خـۆم ناسـووتێنم؟ نا نا.. بتلێ حەب قـووت دەدەم و بەهێـمنیی گیان دەدەم، چیم کـردووە؟ کـێم کـوشـتـووە. مـاڵی کـێم کـاول کـردووە؟ دووکـان و بازاڕی کێم بڕیوە؟ کەس.

خـۆزگـە ئێـسـتـا سـۆرین کـیـر کـیـگارد زیندوو دەبـووەوە، ئەو بەفەلسەفەکەی باوەشێنم دەکات و منیش خۆم بۆ کـامۆ هەڵگرتووە، کامۆ پیاوێکی جوانە، کورد پیاوی جوانی نییە، کورد قنێکی برینداری هـەیە، من مـنـم، هـەلپـەرست و خـۆپـەرست نـیم، لە نـاو دۆزەخـی نیشتمانپەروەریدا بووم بەخۆڵەمێش، با سەیرێکی گەڵاکـانی لاولاوەکە بکەم و بیانلاوێنمەوە، بگریم، بگرین، شیـوەن بکەم، شـیـوەنم لەگـەڵ بکەن.

دار لاولاوەکـەمم کـوشت، هەر ئێـسـتـا ڕۆحـەکـەی دەمـخنکێنێت، گەمارۆم دەدا، دەئاڵێتە مل و قەد و بالام، لقە نەرمەکانی دەبنە مـار و گوریس، ئای من بۆچی ئەم لاولاوەم کوشت؟ گەڵاکانی ناهەقیان نییە تفم لێ بکەن، لە کـوێ بینێـژم؟ تا لـە بەرچـاومـدا نەمـێنێ. لاولاوە سـەوزەکـە، فرێم دای، سـەرم بڕیت، مەگری، با جارێکیش من ببمە جەللاد نابێ؟ تۆ گوڵت نەبوو، منیش فێری گوڵم لە یەخـەمی بدەم، تۆ هەمیشە عاشق بوویت و عەشقیشت نەسوابوو، قەت نەدەگریای بۆ من، دەتزانی بوومەتە بنێشتە خۆشەی ناو دەمە بۆگەنەکان، کەچی

گـەڵاکـانت مـات بووبوون، شـۆڕشـیـان بەرپا نەدەکـرد، ڕووبەڕووی گەورەترین زریان و ئاشبەتاڵ دەوەستام، کەچی تۆ هەمیشە بەرامبەر بەهەواڵەکان کەمتەرخەم بوویت، ئای لە تۆ و لە گەڵاکانت، تا دەهات هەموو پەنجەرەکەت داگیر دەکرد، ئاخر لە چ کونێکەوە سەیری بەرزیم بکردایە و لە چ کـەلێنێکەوە دەمـە بلدۆزەرییـەکـەم جنێـوی ڕەوانە بکردایە؟

خەمەکانمت نەدەکردە ئۆکسجین، ئەمشەو لە ئەسپێکی تۆپیو دەچی، من بۆ کێ قسە بکەم، بمری ناتنێژم، بڕۆ باڵ بگرە، خۆت زیندەبەچاڵ بکە، من نامـەوێ کەس گوێ بۆ زیندەخەونەکانم شل بکات، ئەمشەو باوەشم چۆڵ و بەتاڵە. ئاخـر چی و کێ لە ئامێـز بگرم؟ با دەفـتـەرە ئەستوورەکانم بکەمە سەرین، بەڵام بە چی خۆم داپۆشم؟ بەدووکەڵی جگەرە! یان بەگەڵا زەردە سیسە وەریوەکانی تۆ؟

شەمەندەفەری زەواج بەپەلە و بەخێرایی غاری دا و فریای نەکەوتم، مـن خـــێـــزان بـۆ کـێ دروست بکـەم؟ نـا نـا.. قـــەت چاوەڕێی هیچ سوارچاکێک ناکەم ئاخـر دە درۆ بۆ بکەم، دیوارەکـان بوون بـەئاوێنە. ناخم دەخوێننەوە، هانم دەدەن لە بازاڕی ڕەشـدا خۆم بفرۆشم، نا نا من ئەحلام مەنسوورم، پڵنگێکی بریندارم، شێرێکی بەهێزم، تینوومە، لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تا ئێستا من هەر وڕێنە دەکەم و هەوڵ دەدەم فرمێسکەکانم بکەمە ئاورینگ و شەونمی گیا وشکەکان. ئەی بۆ نابێ شوو بکەم بەدرەخت یان بەئەستێرەیەک، ئەگـەر شـوو بکەم بەهەتاو دەمسووتێنی، ئەگەر شوو بکەم بە مانگ خیانەتم لێ دەکات، ئەگەر شوو بکەم بەئەسپ بەکلکەکەی جەستەم پەلکێش دەکات، ئاخر شوو بە چ جانەوەرێک بکەم، راستە قەیرەیی ناخۆشە، مردنە، بەڵام

بەڵایەکی وەکو من شوو بە کێ؟!!..

نا نا، بۆچی بەڵام؟ مرۆڤێکی هەست ناسکم، مرۆڤێکی دڵ گەورەم، بەڵام لەشم تەختەیە، ئیدی بەرگەی بزمار و چاکوچی کەس ناگرم، ئەمشەو، وا دیارە شوو بەپێنووسەکەم دەکەم، یان شوو بەجگەرەکەی نێو پەنجەکانم دەکەم، جگەرە باشە یان پێنووس؟ هیچ کامیان، یەکێکیان مەرەکەبی تەواو دەبێ و ئەوی دیش تیتنەکەی، دوایی دووکەڵ لە هەموو کونەکانمەوە دەردەچێ یان مەرەکەب لە منداڵدانمەوە دێتە دەرێ، ڕەنگی سانتییەکەی ناوگەڵم لە باتی خوێن و ڕەنگی سوور ڕەش هەڵدەگەڕێ.

ئاخ، خۆ من تا ئێستا "بوون و نەبوون"ی زۆر درۆزنم، با ئەمشەو لە پێستی خۆم دەرچم، با ئاگر بەردەمە کتێبەکانی ئیریک فرۆم، ولیەم رایش، گڕڕڕەم دێ، بووم بەتەنوور، بەفرن، بەئاگردان، بەدۆزەخ، پلە پلە گەرماییەکەم سەر دەکەوێ، خوێنم دەکوڵێ، تف لە کێ بکەم؟ با لە نووسەرانی حەفتاکانەوە دەستی پێ بکەم، خۆ هەمووشیان هاوڕێمن و من هەرە بچووکەکەیانم. مەحموود زامدار وتەنی: "غبا ْ– ي مطلق" یان هەیە، راست دەکات، ئەوان ڕانن، ئەی کێ شوانیانە؟ باسەری شوانەکەیان ببڕم، گونیشم نییە وەکو ئەوان شانازییان پێوە بکەم، هەموویان ڕقیان لێمە، مۆتەکەن، ناشمرن، هەر یەکێکیشیان خۆی بەجیمس جۆیس ناگۆڕێتەوە، شەو و رۆژ خەریکی بوختانکردنن، خەریکی ماستاوکردنن، خەریکی دووفاقین، نازانن گریان و ژان، مانایان چییە.

ڕۆجێ گارۆدیش هەڵدەگەڕێتەوە، هە، هاهاهاها، ئهی ئهی ئهی پێ دەکەنم و دەگریم، دەگریم و پێ دەکەنم، ئەگەر ئێستا چاویان لە من بێ

یەکسەر فڕێم دەدەنە ناو شێتخانەوە، هەمیشە پێم دەڵێن:

- شێتێکی ئاقڵیت و ئاقڵێکی شێتیت.

نازانن کە نێرەمووکیشم، واش دەزانن.. هیچ نازانن، تا ئێستا لە ئەلف و بێی مارکسیزم نەگەیشتوون، خۆیان بەبزماری مارکسیزمدا هەڵواسیوە، ئەی من چیم؟ منیش وەکو ئەوان کۆنە مارکسیم، واتە فەرق و جیاوازیمان نییە، نا نا من وجوودیم، وەکو وتم سارتەریشم نەخوێندووەتەوە، سۆفیم، نەخێر، نە کەراماتم هەیە و نە "شطحات" ئەی چیم؟

دۆزیمەوە، نیهلیستیم وەکو نیچەش لە کۆتاییی تەمەنمدا شێت دەبم، راستییەکەی مرۆڤێکی سەرلێشێواوم، دە ساڵە بەدوای خۆمدا دەگەڕێم و قەت خۆمم نەدۆزیوەتەوە، ناشبم بە کافکا، ناشبم بەگریگۆرییەکەی، بەڵام دەبمە پەیکەر، دەبمە دروشم، دەبمە قوتابخانە، خەیاڵم خاوە، دەبمە هەموو شتێک و نابمە هیچ، ماکەرم، قسەی خۆمانبێ، بێزار بووم، ئێوەش هەرچەندە لە من دەچن، بێزار بوون، من ڕاهاتووم بێزاری ببەخشمە گەردوون، دەریای بێزاریم قووڵە، وەرن تێیدا مەلە بکەن، تۆڕەکانیشم زۆرن، وەرن ببن بەنێچیر، خەمەکانم هەراجی دەکەم، بە وشە دەیانفرۆشم، تەبڵەکی سەرمێزەکەم شووشەیە، لە پڕ تەقییەوە، درۆ دەکەم، گوێم لێ بگرن، وەکو مزراح لە ناو بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێمەوە.

دەی با ڕابوێرین بەیەکدی، من گامێشم، ئەی ئێوە چین؟ ئێوە مارن منیش پونگەم، پونگە بۆنی خۆشە، ئاوەکەشی بۆ سکچوون باشە، ها ها ها، بەئێوە رانابوێرم. بەخۆم رادەبوێرم. بەلەسە بووم، بێکارم، کاری برینپێچی و دەموچاو هەڵگرتن و کرێکاری و بەرگدوورین و

نازانم چی بکەم؟ خۆم خۆمم فنیش کرد، خۆم دەرچووم لە کارەکەم، دەریان نەکردووم، ئاخر ناهەقم نییە، ئازارم دەدەن، دەمچەوسێننەوە تەنیا هەر خەمی جگەرەکەمە، مردم... گیان دەدەم.

من ئەحلام مەنسوورم، دیوارێکی ئەستوور لە نێوانماندا هەیە، ئەوە کوێرن، نامبینن؟ من هەمووتان دەبینم، خۆم نافرۆشم نا...

باسی شەو و رۆژێکی خۆمتان بۆ دەکەم... خۆم دەخۆمەوە، وا خەریکە دەبم بەدڵۆپێک ئاو، قەترەیەک نەوت، فرمێسک گێلێک، پەڵەیەک خوێن، خۆڵەمێش، دووکەڵ و...